Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.207203

# ئیتیمۆلۆژیی چاوگ لەزمانی کوردییدا (چاوگی ئەلفی) بە نموونە

**تانیا اسماعیل حمه أمین[1]، باخان سرحد عبدالرحمن [2]**

1 کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە

2 کۆلێژی پەروەردە ، زانکۆی گەرمیان

***Article Info***

Received: March, 2020

Revised: April, 2020

Accepted: April, 2020

***Keywords***

ڕیشەناسی، چاوگ، زمانە ئێرانییەکان، زمانی هیندۆئەورووپی

***Corresponding Author***

Tanya.hamamin@uoh.edu.iq

## پوختە

ئیتیمۆلۆژیی (ڕیشەناسیی)، زانستێکە بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی وشەکانە لە ڕوانگەی مێژووییەوە، هەروەها دیاریکردنی ئەو گۆڕانانەی، کە بە درێژایی مێژوو بەسەر وشەکاندا هاتووە، لەم توێژینەوەدا هەوڵدەدرێت شیکردنەوەیەکی ئیتمۆلۆژییانەی زانستیی، بۆ هەندێک لە چاوگە ئەلفییەکانی زمانی کوردیی بکرێت، (چونکە لە دوو توێی توێژینەوەیەکدا ناتوانرێت هەموو چاوگە ئەلفییەکان بخرێنە ڕوو، هەروەها مەرج نییە هەموو چاوگە ئەلفییەکان ڕەگ و ڕیشەیان هەبێت)، تەنیا ئەو چاوگانەی، کە ڕەگ و ڕیشەی هاوبەش و کۆنیان هەیە دەخرێنە ڕوو، هەوڵدەدرێت ڕەگ و ڕیشە و بنەڕەتی وشەکان بخرێنەڕوو، چاوگ وشەیەکە، کە واتای بنەڕەتیی کردار دەگەیەنێت، بەڵام وەک کردار کات و کەس و ژمارە دیاریناکات، هەر لەبەرئەمە چاوگ بە بەشێک لەناو دادەنرێت، لەم توێژینەوەدا گرنگترین ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر چاوگەکەدا هاتووە دەخرێنەڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش دەگەڕێینەوە بۆ هەریەکێک لە زمانانی هیندۆئەورووپی و سانسکریتی و خێزانە زمانە ئێرانییەکان لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا، بەو پێیەی، کە زمانە ئێرانییەکان یەک خێزان پێکدەهێنن، کە لەیەک ڕەگ و ڕیشەی هاوبەش جیابوونەتەوە. بوونی وشەی هاوبەش و نزیکیی پێکهاتە ڕێزمانییەکانی ئەم زمانانە، خزمایەتیی ڕەگەزیی و نەژادییان دەردەخات. زمانە ئێرانییەکان لقێکن لە گرووپی (زمانە هیندۆ-ئێرانییەکان)، کە ئەوانیش سەر بە بنەماڵەی (زمانە هیندۆ-ئەورووپاییەکانن). زمانە ئێرانییەکان بەچەند سەردەم و بارودۆخێکی جیاوازدا ڕۆیشتوون، جیاوازیی نێوان ئەو سەردەمانەش بە سێ قۆناغ دیاریکراوە: (قۆناغی کۆن، قۆناغی ناوەڕاست، قۆناغی نوێ)، لەم توێژینەوەدا لە قۆناغی کۆن زمانانی (فارسیی کۆن و ئاڤێستا) وەرگیراوە، هەندێک جاریش وشەکان لەم دوو زمانەشدا بەجێنەماون، بەڵام سود لە قۆناغی کۆنتر بینراوە (زمانی ئێرانیی کۆن)، هەروەها لە قۆناغی ناوەڕاستدا وشەکانی زمانە ڕۆژئاواییەکان وەرگیراون (پەهلەویی ساسانی، پەهلەویی ئەشکانی)، لە قۆناغی نوێشدا وشەکانی زمانەکانی کوردیی و فارسی بە نموونە وەرگیراون، زمانی کوردیی سەر بە لقی ڕۆژئاوایە، زمانی فارسیش سەر بە لقی باشووری ڕۆژئاوایە (ڕۆژئاوای ئێرانی کۆن)، بەهەمان شێوە سود لە زمانی سانسکریتیش وەرگیراوە، بەو پێیە لقێکە لە زمانە هیندۆ ئەورووپییەکان و خزمایەتی و نزیکایەتیی هەیە

لەگەڵ زمانە ئێرانییە کۆنەکاندا.

## پێشەکیی

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "ئیتیمۆلۆژیی چاوگ لەزمانی کوردییدا (چاوگی ئەلفی) بە نموونە" هەوڵێکە بەمەبەستی دیاریکردن و دۆزینەوەی ڕەگوڕیشەی هەندێک لە چاوگە ئەلفییەکانی زمانی کوردیی، هەروەها دەستنیشانکردن و دیاریکردنی ئەو گۆڕانە دەنگییانەی، کە لە زمانی کوردییدا لە قۆناغە جۆربەجۆرە مێژووییەکانی زمانە ئێرانییەکاندا بەسەر هەرکام لە چاوگ و وشەکاندا (وشە وەک بەشێک لە چاوگە ناسادەکان) هاتووە.

## کەرەستەی توێژینەوەکە:

ئەو یەکە و داتایانەی، کە لە توێژینەوەکەدا وەرگیراون، بریتین لە دانە فەرهەنگییەکانی زمانی هیندۆئەورووپی و زمانی سانسکریتی و زمانە ئێرانییەکان (قۆناغی کۆن (فارسیی کۆن، ئاڤێستایی)، قۆناغی ناوەڕاست (لقی ڕۆژئاوا) "پەهلەویی ساسانیی، پەهلەویی ئەشکانیی"، کوردیی و فارسیی ئێستا، وەک دوو زمانی ئێرانیی نوێ). هەروەها سود لەئەلفبێ (آوانگاری(هێمای دەنگیی)) وەرگیراوە بۆ خستنەڕووی ڕەگوڕیشەی وشە(وەک بەشێک لە چاوگە ناسادەکان) و چاوگەکان و دیاریکردنی گۆڕانەکان و تۆمارکردنیان، بۆیە دەبێت بەبەشێک لەکەرەستەی توێژینەوەکە.

**3/0) هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە:**

نەبوون و کەمیی توێژینەوە و سەرچاوەی زانستیی دەربارەی ئیتیمۆلۆژیی وشەکانی زمانی کوردیی، پشتگوێخستن و کەمیی پسپۆڕی زانستیی لەو بوارەدا، هۆکاری سەرەکیی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوە بوون.

**4/0) ڕێبازی توێژینەوەکە:**

لە وەرگرتنی نموونەو ناساندن و بەدەرخستنی ڕیشە و بارە دەنگییەکاندا، ڕێبازی پەسنیی-مێژوویی-بەراوردکاریی پەیڕەوکراوە

**5/0) سنوری توێژینەوەکە:**

چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە، بواری مۆرفۆفۆنیمە، دیاریکردنی ڕیشەی چاوگ و وشەکانە، هەروەها خستنەڕووی دەنگە گۆڕاوەکان. لە بەرنامەی داهاتوومانداپە توێژینەوەی دیکە ئەنجامبدەین بۆ دیاریکردن و خستنەڕووی ڕەگوڕیشەی جۆرەکانی تری چاوگ و دیاریکردنی گۆڕانە دەنگیی و واتاییەکان.

**6/0) هێما و کورتکراوەکانی توێژینەوەکە:**

- (-)، واتە (ئەو وشەیە وەک چاوگ وایە و دۆخی ڕێزمانیی وەرنەگرتووە).
- (*)، واتە (ئەو وشەیە لەسەر بنەمای ڕەگ و لەبەر ڕۆشنایی وشەکانی دیکە نوێکراوەتەوە).
- (√)، نیشانەی ڕیشەیە.

[ ]، هێمای دەنگ

## بەشی یەکەم ١) ئیتیمۆلۆژیی و چاوگ

### 1/1)چەمک و پێناسەی ئیتیمۆلۆژیی (ڕیشەناسیی)

ئیتیمۆلۆژیی لە زمانی فەرەنسیدا (ētymologie)، لەزمانی ئینگلزییدا (Etymology)، لە زمانی ئەڵمانیدا (etymologyie)، لە زمانی لاتینیدا (Etymologia)، لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی یۆنانییە لە[Etymon بە واتای(ڕاست، واتای ڕاستیی وشە) + logia بە واتای(لێکۆڵینەوە، ناسین، زانست)]پێک دێت، ئەم زاراوەیە لەزمانی یۆنانیدا بە واتای ناسینی واتای ڕاستی وشە دێت (شهناز بیگی بروجنی، ١٣٨٧: ٥٣).

ئیتیمۆلۆژیی یان ڕیشەناسیی زانستێکی کۆنە، لە سەردەمانی کۆندا ڕیشەناسی زیاتر کاری فەیلەسوفەکان بووە، کە هەوڵیانداوە ڕەگوڕیشەی ئەو وشە فەلسەفییانە بدۆزنەوە، کە

له زمانەکانی دیکەوە هاتبوونە ناو زمانی یۆنانی، ئەفلاتوون لە نامەی (کراتیلوس) لە سەرچاوەی پەیدابوونی وشەکان دەکۆڵێتەوە. (بلومفیلد، ۱۳۷۹: 90)، زۆرێک لە فەیلەسوف و ڕێزماننوسەکان، کە دەستیانکردبوو بە کاری ئیتیمۆلۆژیی، میتۆدێکی ڕێکوپێکیان نەبووە، هەروەها بەشێکی زۆر لە بۆچونەکانیان بە پێی پێوەری زانستی نەبووە، بەڵام لە ئێستادا ئیتیمۆلۆژیی زانستێکی ورد و پێداگرە، بە شێوازێکی زانستی دەخرێتەڕوو، توێژەرێک، کە ڕیشەی وشەیەک دیاریدەکات، بەرپرسیارێتیی سەلماندنی دەگرێتەئەستۆی. بناغەی زانستی ئیتیمۆلۆژیی نویَ لەلایەن (سێر ولیام جۆنز) ەوە بنیاتنرا خرایەڕوو، (ابوالقاسمی، ۱۳۷٤: ۱۱)، ولیام جۆنزی ڕۆژهەڵاتناس لە سەردانێکیدا بۆ هیند و پاش دیراسەکردنی زمانی سانسکریتی، تێبینیی ئەوەی کرد، کە هاوبەشییەکی زۆر لە نێوان زمانی سانسکریتی و زمانەکانی گریکی و لاتینی و جێرمەنیدا هەیە. (دارا حمید، ۲۰۱۳: ۲۷)، لەساڵی (۱۷۸٦) دا وتارێکی لە (ئەنجومەنی باڵادەستی ئاسیایی) پێشکەشکرد و ڕایگەیاند زمانەکانی لاتینی و یۆنانی و سانسکریتی لەیەک سەرچاوەوە سەریانهەڵداوە، هاوبەشییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، بە جۆرێک هیچ زمانەوانێک ناتوانێت بیسەلمێنێت سەر بە یەک سەرچاوە نین. (رضائی باغ بیدی، ۱۳۸۸: ۲)، بەم شێوەیە ژمارەیەک لە زانایان دەستیانکرد بە توێژینەوە لەبارەی شوێنی پەیدابوونی زمانەکان و پەیوەندی نێوانیان. زانایان لەبەر ڕۆشنایی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانەدا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی، کە نەتەوە (هیندۆئەورووپییەکان) پێنج هەزار ساڵ پێش زایین لە دەشتەکانی باشووری ئاسیا، لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دێنیپەر، باکووری قەفقاز، ڕۆژئاوای زنجیرە چیاکانی ئۆراڵ ژیاون، دواتر بۆ ناوچەکانی هیند تا ئەورووپا کۆچیانکردووە (ابوالقاسمی، ۱۳۷٤: ۷). کۆچکردنی نەتەوە هیندۆئەورووپییەکان بۆ ناوچە جیاوازەکانی ئاسیا و ئەورووپا بووە هۆی گۆڕانی زمانی ئەم نەتەوەیە، لە ناوچە جیاوازەکان زمانی جیاواز هاتەئاراوە، بەشێوەیەکی گشتی ئەو زمانانە ئەمڕۆ بە هیندۆئەورووپی ناودەبرێن، بەسەر دە لقی سەرەکیدا پۆلێندەکرێن، کە بریتین لە: ئەلبانی، ئەنادۆڵی، ئەرمەنی، ئیتاڵی، سلاڤی، جێرمەنی، سێڵتی، یۆنانی، ئارییایی. (رضائی باغ بیدی، ۱۳۸۸:۵)

زمانی کوردیی هەروەک زۆرێک لە زمانەکانی ئەورووپا و بەشێکی ڕۆژئاوا و خواروی ئاسیا (باکووری هیندستان، پاکستان، ئەفغانستان، ئێران...هتد)، سەر بە خێزانە زمانە هیندۆ ئەورووپییەکانە، (شاسوار هەرشەمی، ۲۰۰۹: ٤٧). زاراوەی ئیتیمۆلۆژیی لە زمانەوانیدا دوو واتا دەگەیەنێت:

ا/ وەک ناو بۆلقێکی زانستی زمان، کە لە ڕەگ و ڕیشەی وشەکانی زمان دەکۆڵێتەوە، لە هەمان کاتدا باس لەو گۆڕان و پێشکەوتنانە دەکات، کە بە درێژایی مێژوو بەسەر خودی وشەکاندا هاتوون، (نەریمان خۆشناو، ۲۰۱٦: ۹٤).

ب/ بە واتای ڕەچەڵەک و مێژووی وشە و مۆرفیم دێت، ( فاروق عومەر سدیق، ۲۰۱٦: ۳۹).

ئیتیمۆلۆژیی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە مێژووی وشە، وەک: پێشگر، پاشگر، جێناوەکان....، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە گۆڕانکارییە دەنگی و واتاییەکان، کە بە درێژایی مێژوو بەسەر ئەو وشەیەدا هاتووە، لەکۆنترین کاتی بەکارهێنانییەوە تا کاتی نوسینی مێژووی ئەو وشەیە **(Barbara Ann Kipfer, 1984: 131)**.

ئامانجی سەرەکیی ئیتیمۆلۆژیی ئەوەیە، کە بزانرێت ئەو وشەیە بۆ یەکەم جار لە چ قۆناغێکی مێژوویدا بەکارهاتووە؟ واتای چیی

گەیاندووە؟ چۆن دەربڕراوە؟ لە چ زمانێکدا بینراوە؟ ئەگەر وشەیەکی وەرگیراوە، لە چ زمانێکەوە وەرگیراوە؟ (رحمان بختیاری، ١٣٩٠: ٢٨). لێکۆڵینەوەی ئیتیمۆلۆژیی بۆ هەموو وشەکانی زمان ئەنجامنادرێت، چونکە هەموو وشەکانی زمان خاوەنی ڕیشە و بنەچە نین، لەم بارەیەوە زمانناس (ئانتوان مییە) دەڵێت: (هەموو وشەیەک خاوەنی ئیتیمۆلۆژیی نییە)، ڕەوتی گۆڕانکاریی وشەکانی یەک زمان نادیار و لێڵە و ڕاڤە و بۆچوونی جیاجیای بۆ کراوە، توێژەرە بە ئەزموونەکان لەم گرفتانە ئاگادارن، ئاماژە بە نادیاربوونی ڕیشە و بنەچەی ئەو وشانە دەکەن، (ڕەشید کرمانج، ٢٠٠٧: ١٤٠).

**1/1–1) جۆرەکانی ئیتیمۆلۆژیی (ڕیشەناسیی)**

ئیتیمۆلۆژی لە ڕووی ئاستی زانستییەوە بۆ دوو دەستە پۆلێندەکرێت:

ا/ **ئیتیمۆلۆژیی نازانستیی (هەرەمەکی):** ئەم جۆرە ئیتمۆلۆژییە هیچ بنەمایەکی زانستیی نییە، بەتەواوی پشت بە لێکچوونی ڕواڵەتی وشە و گێڕانەوە ئەفسانەییەکان دەبەستێت، هیچ پەیوەندییەکی واتایی لەبەرچاوناگرێت(ئارلاتو، ١٣٧٣:٢٨٠)، لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە ئەنجامنادرێت، پێویستی بە شارەزایی لە بواری زمانەوانیدا نییە.

ب/ **ئیتیمۆلۆژیی زانستیی**: لەم جۆرەدا پشت بە لێکۆڵینەوەی مێژوویی_بەراوردکاریی دەبەسترێت، بە پێی پێوەری زانستیی و لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە ئەنجامدەدرێت، لەم جۆرە لێکۆڵینەوەیەدا دەبێت هەموو پێداویستییە ئیتیمۆلۆژییەکان لەبەرچاوبگیرێت، کە بریتین لە:

١. پێویستە توێژەر فۆرم و داتاکانی ڕابوردووی وشەیەک بە درێژایی ڕەوتی گۆڕانی وشەکە دەستنیشانبکات، بەم پێیە دەکرێت بۆ دۆزینەوەی ڕیشەی وشەیەک لە فارسیی نوێدا، فارسیی ناوەڕاست و فارسیی کۆن بپشکنین، یان تەنانەت لە ڕەهەندی کاتدا بۆ دواوە بگەڕێینەوە و ڕیشەی ئەو وشەیە لە زمانە هیندۆ ئەورووپییەکان پەیدۆزی (بەدواداچوون) بکەین. بۆ بەدەستهێنانی ڕیشەی تەواوی وشەیەک، دەبێت ئەو وشەیە لە گشت قۆناغە مێژووییەکانی زماندا بکەوێتە بەر لێکۆڵینەوە (ئانتونی ئارلاتۆ، ٢٠١٣: ٤٧).

٢. لە کاری ئیتمۆلۆژییدا ناکرێت تەنها پشت بە فەرهەنگ ببەسترێت و لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ فەرهەنگەکانی زمانەکانی خوارزمی، سوغدی، پەهلەوی، پارتی و سانسکریتی، بە فۆرمی ڕاستەقینەی وشە و واتای وشە بگەین، بەڵکو پێویستە بۆ خودی دەقەکان بگەڕێینەوە، مەگەر زمانەوانان لە بارەی فۆرم و واتای وشەکەوە هاوڕابن.

٣. توێژەر بێجگە لە گەڕانەوە بۆ دەقەکانی زمانەکە، پێویستە بگەڕێتەوە بۆ دەق و فەرهەنگە باوەڕپێکراوەکانی ئەو زمانانەی، کە سەر بەیەک خێزانە زمانن، هەروەها هەموو شێوە جیاوازەکانی وشە لە زمانە جیاوازەکان بەدەستبهێنرێت، هەروەها زانیاریی هەبێت دەربارەی جیاوازیی واتایی و دەربڕینی ئەو وشەیە، (قائم مقامی، ١٣٩٤: ٤٠).

٤. توێژەر زانیاریی تەواوی هەبێت لەسەر یاسا دەنگییەکان و یاسا ڕێزمانییەکان لە قۆناغە جیاوازەکان و زمانە جیاوازەکانیشدا.

٥. توێژەر زانیاریی تەواوی لەسەر مێژووی وشەکە هەبێت، لە خودی زمانەکە و ئەو زمانانەی، کە سەر بەیەک خێزانە زمانن، تا بۆی ڕوونببێتەوە، کە ئەو وشەیە لە چ قۆناغێکدا بەکارهاتووە؟ لە کام ناوچەیە سەریهەڵداوە؟ چ واتایەکی گەیاندووە؟ شێوازی دەربڕینی چۆن

بووە؟ لە چ زمانێکدا بەکارهاتووە؟ لەکەیەوە واتای جیاوازی پەیداکردووە؟

**1/1–2) سوود و گرنگیی ئیتیمۆلۆژیی:**

١. کارکردن لە بواری ئیتیمۆلۆژییدا بە بەراوردکردن لەگەڵ لقەکانی تری زانستی زمان، کارێکی سەخت و دژوارە، لەبەرئەوە هەر کارێک لە بواری ئیتیمۆلۆژیی کوردییدا بکرێت و لەسەر بنەمای زانستیی بێت، بە پڕکردنەوەی کەلێنێکی تری زانستی زمان دادەنرێت.

٢. لە ڕێگەی ئیتیمۆلۆژییەوە بەو ڕاستییە دەگەین، کە وشەکان بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانی و واتاییان بەسەردا دێت، هەروەها لەم ڕێگەیەوە دەتوانین ئەو وشانە دەستنیشانبکەین، کە لە زمانەکانی دیکەوە هاتونەتە نێو زمانەکە.

٣. لەسەر بنەمای زانستی ئیتیمۆلۆژیی و پێشکەوتنی ڕەوتی ئەو زانستە، کە لەسەر دەستی زمانەوانە ئەوروپییەکاندا گەشەیسەند، زمانەکانی جیهان بەسەر چەند خێزانە زمانێکدا دابەشبوون، کە یەکێکیان خێزانی زمانە هیندۆ ئەوروپییەکانە، لقێکیشی زمانە ئێرانییەکانە، زمانی کوردییش یەکێکە لە زمانەکانی ئەو لقە، (فاروق عومەر سدیق، ٢٠١٥: ٩).

٤. زانستی ئیتیمۆلۆژیی، یارمەتیدەرە بۆ نووسینەوەی فەرهەنگی مێژوویی، (فرخ حاجیانی، ١٣٨٦: ٥٣)، دەتوانرێت فەرهەنگی مێژوویی وەکو ناسنامەی هەر وشەیەک سەیربکرێت، چونکە بەسودوەرگرتن لەم فەرهەنگە، دەتوانین تێبگەین، کە ئەو وشەیە لە چ قۆناغێکدا پەیدابووە، کەی گۆڕانی واتایی بەسەردا هاتووە، هۆکاری ئەو گۆڕانە چییە، کەی مردووە، هەروەها چ وشەیەک شوێنی گرتووەتەوە.

٥. بنەمای ئیتیمۆلۆژیی لە لێکۆڵینەوەی دەقە کۆنەکاندا گرنگییەکی زۆری هەیە، بۆ تێگەیشتنی تەواوی دەقێک، دەبێت لە واتای مێژوویی ئەو دەقە بکۆڵرێتەوە، بۆ لێکۆڵینەوە لە دەقە ئەدەبییە کۆنەکان، پێویستە شێوازی ئیتیمۆلۆژیی بەکاربهێنین، ئەم گرنگییە دەقە فەلسەفییە مێژوویەکانیش دەگرێتەوە، کاتێک دەتوانین لە کتێبێکی فەلسەفی مێژوویی تێبگەین، کە لە واتای بنەڕەتیی وشەکان و زاراوەکان تێبگەین.(مهدی فدائی، ١٣٧٨: ١٨٦)

٦. بە لێکۆڵینەوەی ئیتیمۆلۆژیی دەتوانرێت ئەتڵەسی زمانە ئێرانییەکان دابڕێژرێت(فرخ حاجیانی، ١٣٨٦: ٥٤)، هەروەها ئەتڵەسی زمانی کوردی دیاریبکرێت و پەیوەندیی نێوان زارەکانی یەک زمان و چۆنێتیی لق و پۆپ_هاویشتنی زمان و دابەشبونی بەسەر زارە جیاجیاکاندا بخەینەڕوو.

٧. توێژینەوە لە نەژاد (بنەڕەت و بنەچە)ی وشە دەبێتە هۆی تێگەیشتنێکی دیار دەربارەی پێشینەی کلتوری، لە ڕاستیدا توێژینەوە مێژوویيە–بەراوردکارییەکان تەنها بۆ دۆزینەوەی مێژووی وشەکان نییە، بەڵکو مێژووی مرۆڤایەتی و شارستانییەکەی و شێوازی کۆچکردنی مرۆڤەکان لە کۆندا ڕووندەکاتەوە.

زمانی کوردیی یەکێکە لە زمانە ئێرانییە نوێیەکان لە لقی ڕۆژئاوا، سەر بە خێزانی زمانە هیندۆئەوروپییەکانە، ئەگەر بمانەوێت توێژینەوەیەکی ئیتیمۆلۆژیی لە زمانی کوردیدا ئەنجامبدەین، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ زمانە هیندۆئەوروپییەکان بە گشتی و بەتایبەتی زمانە ئێرانییەکان، (ابوالقاسمی، ١٣٩٦: ٥).

ئارییاییەکان دەبن بە دوو گروپی گەورەوە: (هیندۆ ئاریایی) و(ئێرانی).

زمانە ئێرانییەکان: ئەوخێزانە پتەوەیە، کە کۆمەڵێک زمانانی خزمی هاوڕەسەن دەگرێتە خۆ، لێکچوونی پێکهاتەی ڕێزمانی و وشەی

فەرهەنگی لە نێوان زمانانی ئەم کۆمەڵە، ئەوە دەسەلمێنن، کە ئەم زمانانە لە بنچ و بناوانەوە بۆ یەک سەرچاوە دەگەڕێنەوە،(کوردستان موکریانی، ٢٠٠٨: ٩)، زمانە ئێرانییەکان لە ڕووی مێژووییەوە بۆ سێ قۆناغ (کۆن، ناوەڕاست، نوێ) پۆلێندەکرێن:

١. زمانە ئێرانییەکانی قۆناغی کۆن: ئەو زمانانە لە هەزارەی دووهەمی پ.ز تا ڕوخانی ئیمپراتۆرییەتی هەخامەنشییەکان ٣٣٠پ.ز لە ناو نەتەوە ئێرانییەکاندا بەکارهاتوون،(رضائی باغ بیدی، ١٣٨٨: ١٩). لەم قۆناغەدا چوار زمان هەیە(مادی، ئاڤێستایی، فارسیی کۆن، سەکایی)، کە تەنها دوانیان دەقی نوسراویان لێ بەجێماوە، ئەوانیش (ئاڤێستایی، فارسیی کۆن)، زمانی ئاڤێستا لە ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێرانی کۆندا بەکارهاتووە، بەم زمانە نوسراوەتەوە، زمانی فارسیی کۆنیش لەباشووری ڕۆژئاوای ئێران بەکاهاتووە. پاشاکانی هەخامەنشی بەم زمانە بەردەنووس (کەتیبە) یان نووسیوە، هەروەها لە هەریەک لە زمانەکانی مادی و سەکاییدا تەنها چەند وشەیەک بەجێماون (آموزگار و تفضلی، ١٣٩٢: ١١).

٢. زمانە ئێرانییەکانی قۆناغی ناوەڕاست: ئەو زمانانە دەگرێتەوە، کە لە دوای ڕوخانی هەخامەنشییەکان لە ساڵی ٣٣٠پ.ز تا هاتنی ئیسلام، لەناو ئەو نەتەوانەی نەژادیان ئێرانییە بەکارهاتوون، (رضائی باغ بیدی، ١٣٨٨: ٢٠).

زمانەکانی ئەم قۆناغە لە ڕووی جوگرافییەوە بۆ دوو گروپ (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) دابەشدەبن:

ا/ زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان: ئەم گروپەش دابەشدەبێت بۆ هەردوو لقی باکوور و باشوور، سوغدی و خوارزمی سەر بە لقی باکوورن، سەکایی (خوتەنی) و بەڵخی سەر بە لقی باشوورن.

ب/ زمانە ڕۆژئاواییەکان: پۆلێندەکرێن بۆ هەردوو لقی باکوور و باشوور، پەهلەوی ئەشکانی (پارتی) سەر بەلقی باکوورە، کە لە سەردەمی حوکمڕانیی ئەشکانییەکاندا زمانی فەرمی بووە. پەهلەویی ساسانی (فارسی ناوەڕاست)یش، سەر بە لقی باشوورە، کە زمانی فەرمیی ئیمپراتۆریەتی ساسانییەکان بووە (آموزگار و تفضلی، ١٣٩٢: ١٢).

٣. زمانە ئێرانییەکانی قۆناغی نوێ: ئەو زمانانە، کە لە دوای هاتنی ئیسلام لە ساڵی (ز٦٥١)ەوە دەستپێدەکات، تاوەکو ئێستا بەکاردێن، گرنگترین زمانەکانی ئەم قۆناغە بریتین لە: کوردیی، فارسی، بەلوچی، ئاسی، گیلەکی، مازەندەرانی، پەشتۆ، یەغنابی، پامیری...) (رضائی باغ بیدی، ١٣٨٨: ٢٠).

## ٢/١) چەمک و پێناسە و نیشانەکانی چاوگ

### ١-٢/١) چەمک و پێناسەی چاوگ

چاوگ وەک بەشێکی گرنگیی ئاخاوتن، دەورێکی دیار و چالاک دەبینێت لە زماندا، چۆن چاوگ بەشێکی ئاخاوتنە، هەر بەو چەشنە لە داڕشتن و لێکدانی وشەی وەکو: ناو، ئاوەڵناو، فرمان...دا، کە بەشە ئاخاوتنی دیکەن، دەور ببینێت، (ڕەفیق شوانی، ٢٠٠٨: ٧١)، چاوگ لەسەرچاوەکاندا پێناسەیەکی گشتگیر و پڕاوپڕی بۆنەکراوە، لێرەدا چەند پێناسەیەک دەخەینەڕوو:

"چاوگ وێنەیەکی نەگۆڕاوی فرمانە و نە کەس نە کات و نە ژمارەی تێدا نییە، بە گشتی سەرچاوەیە بۆ فرمان"( نەسرین فەخری و کوردستان موکریانی،١٩٨٢: ٩٦)، چاوگ ناوی کردارێکی گشتی دەبەخشێت و نەبەستراوەتەوە بە کەس و کاتەوە و گەردان ناکرێت،(ڕەفیق شوانی، ٢٠١١: ١١٨)، چاوگ ئێسکی (صیغە)فرمانە و تام و بۆی ناو دەدات، تەماشای زەمانی تیاناکرێ(نوری عەلی امین، ٢٠١٣: ١٤٩)، چاوگ وشەیەکە یان سەرچاوەیەکە بۆ دروستکردنی کاری ڕابوردوو و ناو، کە لە

ڕستەدا کردەوەیەک پیشاندەدات، بەڵام ئەم کردەوەیە ناخرێتە پاڵ کەسێک یان شتێک، ژمارە و کاتیشی تێدا نییە." (نەریمان خۆشناو، ٢٠١٥: ٦٧).
کەواتە دەتوانین بڵێین چاوگ بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، یاخود وشەیەکە، کە واتای کاری تێدایە، جیاواز لە کار، کە جگە لە واتای کارەکە، کەس و کات و ژمارەشی تێدایە؛ بەڵام چاوگ کەس و کار و ژمارەی تێدانییە. سەبارەت بەوەی، کە چاوگ و کردار کامیان بنەڕەتن؟ کامیان سەرچاوەی دارشتنی وشەن؟ بیروڕای جیاواز هەیە و بە پێی زمانەکانیش جیاوازن، چونکە هەر زمانە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە.
چاوگ لە زمانی کوردییدا بووەتە سەرچاوە و بنەڕەتی دارشتن (دارشتنی وشە)، چاوگ مۆرفیمەکانی وەها چوونەتە پاڵ یەکتری، کە لەناو قاڵبی چاوگەکەدا تواونەتەوە، لە زمانی کوردیدا چاوگ وەک وشەیەکی سادەی واتادار و سەربەخۆ دادەنرێت، بەلابردنی (ن)ەکەی و نیشانەکەی، ڕەگ و قەدەکەی واتا نابەخشێت، بەهۆی ڕاناوی لکاو و پێشگر و پاشگرەوە کردار و وشەی دارێژراو دروستدەبن، وەک لە چاوگی (خواردن)، کرداری: خواردم، دەخۆم و ناوی بکەری بخۆر و ناوی چاوگی (خۆراک)ی، لێوەردەگرین، کەواتە ئەمە دەریدەخات فرمان لە چاوگەوەیە، نەک چاوگ لە فرمانەوە وەرگیرابێت(ڕەفیق شوانی، ٢٠٠١: ١١٥).

### ٢/١-٢) نیشانەکانی چاوگ

زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی، کە لەسەر چاوگ لە زمانی کوردیدا ئەنجامدراون هاوڕان لەسەر بوونی پێنج نیشانەی دیاریکراو بۆ چاوگ، وەک ئاشکرایە چاوگ لە زمانی کوردیدا بە (ن) کۆتایی دێت، بە لێکردنەوەی (ن)ی چاوگ، نیشانەکانی چاوگ دەردەکەون، کە بریتین لە (ا، ت، د، ی، وو)، بەم پێیە هەریەکێک لەم چاوگانە ناوەکانی (چاوگی ئەلفی، چاوگی تائی، چاوگی دالی، چاوگی یائی، چاوگی واوی) لێنراون.
کەواتە مۆرفیمی پێش (ن) و (ن)ی چاوگ بەیەکەوە دەبنە نیشانەی چاوگ، ناوی ئەم نیشانانەی چاوگیش بە پیتەکەی پێش خۆیەوە بەندە، (نەریمان خۆشناو، ٢٠١٥: ٧١). بۆ نموونە:

چاوگی ئەلفی:هێنان، سووتان
چاوگی تائی: خستن، کەوتن
چاوگی دالی: کردن، بردن
چاوگی یائی: بڕین، دورین
چاوگی واوی: بوون، گروون

"هەندێک چاوگی دیکەش هەیە، کە لە ڕووی پێکهاتنەوە، بە پاشگری (ەوە) کۆتایی هاتووە، وەک خولانەوە، سووتانەوە"(ڕەفیق شوانی، ٢٠١١: ٥٧).
لە زمانی هیندۆئەورووپیدا وا دەردەکەوێت، کە چاوگ بونی نەبووە، دواتر لە هەریەکێک لە زمانە هیندۆئەورووپییەکاندا، بەشێوەیەکی سەربەخۆ دروستبووە، هەر لەبەر ئەمەشە تەنانەت لە زمانە هیندۆئەورووپییە کۆنەکانیشدا، نیشانە و شێوازەکانی دروستبوونی چاوگ وەک یەک نین. لە زمانی سانسکریتدا بە زۆری نیشانەی چاوگ (-tum)ە، بۆ نموونە: bhavitum بەواتای بوون، لە زمانی فارسیی کۆندا نیشانەی چاوگ بریتییە لە (-tanaiy) کە نیشانەی دۆخی بەرکارییشە، لە دوو بەش پێکدێت (-tan) و (-aiy)کە نیشانەی دۆخی بەرکارییە بۆ تاک وەک: kan-tanaiy بەواتای کەندن، لە زمانی ئاڤێستادا یەکێک لە نیشانەکانی دروستبوونی چاوگ (-θna)، کە دەچێتەوە سەربنەڕەتی هیندۆئەورووپی (-tna)، هەروەها بەرانبەرە بە (-tan)ی فارسی کۆن. لەزمانی پەهلەویی ئەشکانیشدا نیشانەی چاوگ بە سێ شێوە دەردەکەوێت ( تن، دن، ذن)، کە هەرسیانیان

پاشماوەی (tanaiy-)ی فارسیی کۆنە، وەک: diδan بەواتای بینین، amvardan بەواتای پڕکردن، rēxtan بەواتای ڕژان ، هەروەها لە زمانی پەهلەویی ساسانیدا نیشانەی چاوگ زۆربەی جار (تن)ە، ئەمەش دیسان پاشماوەی (tanaiy-)ی فارسیی کۆنە، بۆنموونە: baxtanبەواتای دۆڕان، (خانلری، ۱۳۹۵: ۱۰۱، ۱۰۲، ۱۰۳). لە زمانی فارسیی نوێدا نیشانەی چاوگ بریتییە لە (تن)، بەم شێوەیە ڕەگی کردار+ تن، هەروەها لە زمانی فارسیی نوێدا جۆرێکی تری چاوگ هەیە، پێیدەگوترێت چاوگی سازکراو، بەم شێوەیە دروستدەبێت: ناو/ئاوەڵناو+یدن/ اندن/ انیدن، بۆ نموونە: چربیدن، چرخاندن، رنجانیدن (گیوی و انوری، ۱۳۹٤: ۱٥).

### ۲/۱-۳) تایبەتمەندییەکانی چاوگ

چاوگ وەک بەشێکی گرنگی ئاخاوتن کۆمەڵێک تایبەتمەندیی هەیە، گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

۱.چاوگ وەکو ناوە، ناوی کردەوەیەک دەگەیەنێت.

۲.نیشانەکانی تاک، کۆ، ناسراوی و نەناسراوی وەردەگرێت.

۳.بەشداری پێکهاتنی وشەی نوێ دەکات.

٤.ماک و ڕەگی فرمان و وشەی جۆراوجۆری تێدا پارێزراوە، واتە لێوەی دروستدەکرێت.

٥.ئەرکە جیاوازەکانی ناو لە بەشی نیهاد و بکەر لەلایەک و لەبەشی فرمان و گوزارەشدا ئەرک دەبینێت (ڕەفیق شوانی، ۲۰۱۱: ٥۸).

6.چاوگ بەسادە و داڕێژرا و لێکدراوەوە، یەک شێوە و ڕواڵەتیان هەیە، تەنانەت ناوێزەکانیشیان (شاز) کە بە پاشگری (ەوە) کۆتاییان هاتووە، هەموویان بە نیشانەی (ن) کۆتاییان دێت، (ڕەفیق شوانی، ۲۰۰۱: ۱۳٦).

### ۲/۱-٤) پۆلێنکردنی چاوگ:

چاوگ لە زمانی کوردیدا لە ڕووی پێکهاتنەوە سێ جۆرە:

۱.چاوگی سادە: "لە وشەیەکی سادەی سەربەخۆ پێکدێت و بە (ن) کۆتایی دێت." (نەریمان خۆشناو، ۲۰۱٥:٦۷).

بۆ نموونە: کردن، بردن، خواردن، کوشتن، سووتان...هتد.

۲. چاوگی داڕژاو: "بریتییە لە چاوگ و پێشگر، یان چاوگ و پاشگر، یان چاوگ و پێشگر و پاشگر، بە مەرجێک واتایەکی تازە دابێنێت." (کۆڕی زانیاری کورد، ۱۳۹٦: ۲۳٥).

بۆ نموونە: کردنەوە، پێداچوونەوە، تێچوون، پێکهاتنەوە....هتد.

۳. چاوگی لێکدراو: "بەو چاوگانە دەوترێت، کە لە دوو وشە یان زیاتر پێکدێت، بە مەرجێک وشەیەکیان چاوگ بێت." (نەریمان خۆشنا، ۲۰۱٥: ٦۸).

بۆنموونە: دەستکەوتن، تێپەڕبوون، لەهۆشچوون، ماڵئاواییکردن....هتد.

**۲/۱-٥) چاوگ لە ڕووی هێزەوە:** دوو جۆرە: "چاوگ بەو پێیەی کە سەرچاوەی فرمانە، ئەکرێ بە دوو جۆرەوە، ۱. چاوگی تێپەڕ ۲.چاوگی تێنەپەڕ" (نوری عەلی ئەمین، ۲۰۱۳: ۱٥۱).

۱.چاوگی تێنەپەڕ: "بەو چاوگە دەوترێت کە فرمانەکانی تەنیا ڕوودانی کارێک ڕوونبکاتەوە، بە مەرجێک باری کارەکە لە بکەر یان باسلێکراو نەچێتە دەرەوە بۆ سەر شتێکی تر؛ واتە لە تێنەپەڕدا بکەر خۆی کاردەکات و باری کارەکەش دەکەوێتە سەر خۆی."(نەسرین فەخریی و کوردستان موکریانی، ۱۹۸۲: ۱۰۳_۱۰٤).

بۆ نموونە: ڕۆیشتن، چوون، ڕژان، نووستن، فڕین، کڕین....هتد.

٢. چاوگی تێپەڕ: ئەم چاوگە لە سێ سەرچاوەوە دروستدەکرێ، یان لە وشەیەکی سەربەخۆ، یان بەهۆی پاشگری (اندن)دەبێت بە تێپەڕ، یان چاوگی ڕەسەن کە هەر بۆ خۆی تێپەڕە( کۆڕی زانیاری کورد، ١٣٩٦: ٢٣٢).

بۆ نموونە: کێڵان، دزین، ڕژاندن، سەپاندن، درکاندن، بەستن....هتد.

### 6-2/1) قەدی چاوگ

ئەگەر لە ڕوانگەی چاوگەوە، بەدوای قەدی کرداردا بگەڕێین، دەبینین هەر چاوگێک کە (ن)ی چاوگی لێبکرێتەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە قەدە(ئەورەحمانی حاجی مارف، 2000: ١٠٧).

جگە لە قەدی چاوگ، زاراوە و حاڵەتی تریش دەگرێتەخۆ، وەکو (بناغەی چاوگ، ڕەگی ڕابوردوو، ڕابوردووی نزیک)، کەواتە دەتوانرێ لەم هێڵکارییەی خوارەوە زیاتر ڕوونی بکەینەوە:

قەدی چاوگ= بناغەی چاوگ= ڕابوردووی نزیک= ڕەگی ڕابوردوو(نەریمان خۆشناو، 2015: ٧٢).

بۆ نموونە:

| چاوگ | قەدی چاوگ |
|---|---|
| بردن | برد |
| مردن | مرد |
| کوشتن | کوشت |
| نووستن | نووست |
| کڕین | کڕی |

### 7-2/1) ڕەگی کار

ڕەگ بە کۆنترین بەشی کار دەژمێردرێت لە زمانی کوردیدا، بەشی زۆری ڕەگی کار بەتەنیا بەکارنایەت و تاکە ڕێگەی زانینی بنچینە و ئەسڵی ڕەگ ڕێگەی بەراوردکردن و ئیتمۆلۆژییەوە (کوردۆییف ، 1984: ١٦٢)، هەروەک چۆن هەموو چاوگێک بناغەی هەیە و بنکەیەکی دیار و ئاشکراشی هەیە بۆ وەرگرتن و دۆزینەوەی، بەم پێیە ڕەگی چاوگیش هەیە و بنکەی تایبەتیش هەیە بۆ دۆزینەوەی کە بەم جۆرەی خوارەوەیە:

چاوگ _ نیشانەی چاوگ = ڕەگی چاوگ (نەسرین فەخری وکوردستان موکریانی، ١٩٨٢: ١٠٠).

واتە بەلابردنی نیشانەکانی (ان، تن، دن، ین، وون)، ڕەگی ڕابوردوو (قەد) مان دەستدەکەوێت، بۆ نموونە:

کوشتن←کوشت(ژ)

وەڕین ← وەڕ

بوون ← بـ

مردن ←مر

ترسان ← ترس

"ڕەگ ئەو بەشەیە کە لە چاوگ وەردەگیرێ و دەبێتە بەشێک لە پێکهاتەی چاوگ، بەشی هەرە زۆری ڕەگی کار وەک مۆرفیمێکی بەند سەیردەکرێ و بەتەنیا بەکارنایەت، لە زمانی کوردیدا (قەد) دەبەسترێتەوە بەکاری ڕابوردووەوە، (ڕەگ)یش بەکاری ڕانەبوردووەوە، هەندێ زمانەوانیش (ڕەگ) بۆ ڕابوردوو و ڕانەبوردووش بەکاردێنن." (نەریمان خۆشنا، ٢٠١٥: ٧٣).

بەم پێیە دوو جۆر ڕەگمان هەیە:

١.ڕەگی ڕابوردوو: ڕەگەکان لە چاوگەوە وەردەگیرێن، بۆ وەرگرتنی ڕەگی ڕابووردوو، یەک یاسای گشتی بێ ناوێزە هەیە، کە ئەمەیە:

"(ن)چاوگ Ø= ڕەگی ڕابوردوو" (وریا عمر امین، ٢٠٠٩: ٣٨١).

واتە بەلابردنی (ن)ی چاوگ، قەدمان دەستدەکەوێت و لەهەمان کاتیشدا ڕەگی ڕابوردووە.

بۆ نموونە: کردن← کرد، هاتن←هات، چوون←چوو، هێنان←هێنا، کڕین←کڕی.

٢. ڕەگی ڕانەبوردوو(داهاتوو): بەچەند ڕێگەیەک بەدەستدەهێنرێت

**یەکەم: چاوگی ئەلفی:** ئەگەر چاوگەکە تێپەڕبوو، ئەوا (ن)ی چاوگ و مۆرفیمی (ا)ی ڕابوردوو لادەبەین، ڕەگی ڕانەبوردوو سازدەکرێت (نەریمان خۆشناو، ٢٠١٥: ٧٤)، بۆنموونە: هێنان←هێن

ئەگەر چاوگەکەش تێنەپەڕبوو، ئەوا بەلابردنی (ن)ی چاوگ و گۆڕینی مۆرفیمی (ا) بۆ (ێ) دروستدەکرێ(وریا عمر امین، 2009: ٣٨٢)، بۆ نموونە: برژان←برژێ

**دووهەم: چاوگی تائی:**

دروستکردنی ڕەگی ڕانەبوردوو و لە چاوگی تائی بەم شێوازانەی خوارەوە دەبێت، بەشێک لە چاوگی تائی بەهۆی لابردنی (ن)ی چاوگ و (ت)ی ڕابوردوو، ڕەگی کار دروستدەبێت، وەک: فرۆشتن←فرۆش، بەشێکی تریش تەنها بەلابردنی (ن)ی چاوگ ڕەگی ڕانەبوردوو دروستدەبێت، وەک قەد و ڕەگی ڕابوردوو، بۆ نموونە: بیستن←بیست، هەندێ چاوگی تائی بەتایبەت ئەو چاوگانەی کە لە پێش نیشانەی(تن)، پیتی نەبزوێن دێت و لەپێش ئەم پیتەش بزوێنی (ا، ە)دێت، لەم حاڵەتەشدا بەلابردنی (تن) و گۆڕینی پیتی بزوێنی (ا، ە) بۆ (ێ)، ڕەگی کاری ڕانەبوردوو دروستدەبێت (نەریمان خۆشناو،٢٠١٥: ٧٧).

بۆ نموونە: پاڵاوتن←پاڵێو

هەندێ چاوگی تائی( بەتایبەت ئەو چاوگانەی پیتی پێش نیشانەی چاوگ بریتین لە (س،ش)، لەم حاڵەتەشدا، بەهۆی لابردنی (تن)و گۆڕینی (س) بۆ (ز)، (ش) بۆ (ژ)، ڕەگی کاری ڕانەبوردوو دروستدەبێت،(سەرچاوەی پێشوو، ٧٨)،بۆ نموونە: کوشتن←کوژ، خواستن←خواز، هەندێ چاوگی تائیش هەن شازن و لەسەر دەستور ناڕۆن، وەک: ڕۆیشتن←ڕۆ، شوشتن←شۆ، گوتن←لێ، بێژ، نووستن←نوو.

**سێهەم: چاوگی دالی:**

هەندێ جار بەهۆی لابردنی(ن)ی چاوگ و نیشانەی (د)ی چاوگ، ڕەگی ڕانەبوردوو دروستدەبێت (وریا عمر امین، 2009: ٣٨٢).

بۆنموونە: مردن←مر، خوێندن←خوێن.

چاوگی(دالی)یش بەهەمان شێوەی چاوگی تائی، هەندێ جار لەپێش نیشانەی چاوگی (دالی) پیتێکی نەبزوێن دێت و لە پێش ئەم پیتەش پیتی بزوێنی(ا، ە)دێت، لەم حاڵەتەشدا (ا،ە) دەگۆڕێ بۆ (ێ) و ڕەگی کاری ڕانەبوردوویان لێدروستدەکرێت. بۆ نموونە: چاندن←چێن، سپاردن←سپێر.

هەندێ چاوگی دالی هەن کە لەسەر دەستور ناڕۆن(شازن)، (نەریمان خۆشناو،٢٠١٥: ٧٩).

بۆ نموونە: خوارد←خۆ، کردن←کە، بردن←بە.

**چوارەم: چاوگی یائی:**

دروستکردنی ڕەگی کاری ڕانەبوردووله چاوگی یائی تێپەڕ و تێنەپەڕ بەهۆی لابردنی (ن)ی چاوگ و (ی)ڕابوردووەوە دەبێت، (سەرچاوەی پێشوو، ٧٥).

بۆ نموونە: فڕین← فڕ، وەرین← وەر.

**پێنجەم: چاوگی واوی:**

ئەگەر چاوگەکە تێنەپەڕبوو، ئەوا بەلابردنی(ن)ی چاوگ و مۆرفیمی (وو)، ڕەگی کاری ڕانەبوردوو دروستدەکرێت (وریا عمر امین، 2009: ٢٨٢).

بۆ نموونە: بوون←ب، چوون←چـ .

بەڵام ئەگەر چاوگەکە تێپەڕبوو ئەوا تەنیا بەلابردنی (ن)ی چاوگ ڕەگی ڕابوردوو و ڕانەبوردووش دروستدەبێت (سەرچاوەی پێشوو، ٢٨٢).

بۆ نموونە: گروون←گروو، دروون←دروو.

## بەشی دووهەم٢) ئیتیمۆلۆژیی (ڕیشەناسی)ی چاوگە ئەلفییەکان:

### ١/٢) ئیتیمۆلۆژیی (ڕیشەناسی)ی چاوگە سادەکان:

**1.**ئاوسان: هەردوو چاوگی (ئاوسان، ئاوسبوون)، یەک ڕیشەیان هەیە، ئەو ڕیشەیە لە بنەڕەتدا بۆ واتای (سکپڕبوون) بەکارهاتووە، بەڵام لە زمانی کوردیدا، لەڕیشەی (ئاوسبوون)، وشەی (ئاوسان) یش دارێژراوە، بەواتای (ئەستووربوون، پەنەمان). ڕەگ و ڕیشەی ئەم چاوگە لە زمانی فارسی کۆن: -ā-puça-tanū بەواتای جەستەیەک کە هەڵگری کوڕ بێت (حسن دوست، ١٣٩٥: ٩). زمانی ئاڤێستا: -apuθratanu* بەواتای جەستەیەک کە هەڵگری منالێ کوڕ بێت (هرن و هوبشمان، ١٣٩٤: ٢). زمانی پەهلەوی ساسانی: āpustan ، bustanā بەواتای سکپڕبوون، کە لە پێشگری ā و ڕەگی ڕابوردوو (pust/bust) و نیشانەی چاوگ (an) پێکهاتووە (مکنزی، ١٣٩٥: ٣٢؛ فرەوشی، ١٣٩٠: ٤٦). زمانی فارسی نوێ: آبستن، بەواتای سکپڕبوون، آماسیدن، بەواتای ئاوسان. زمانی کوردیی: ئاوسبوون، بەواتای سکپڕبوون، ئاوسان/بەواتای ئەستووربوون، هەڵئاوسانی بەشێکی جەستە. دەبینین لەم وشەدا دەنگی [p] لەبەرئەوەی دوای دەنگی بزوێن هاتووە، گۆڕاوە بۆدەنگی [b]، لەزمانی کوردیشدا گۆڕاوە بۆدەنگی [w]، پاشان دەنگی [ç]ی فارسی کۆن گۆڕاوە بۆدەنگی [s]، هەروەها لە قۆناغی کۆندا بۆ قۆناغی ناوەڕاست و نوێ بزوێنی کۆتایی لەناوچووە، هەروەها لە زمانی کوردیشدا دەنگی [t] لەناوچووە.

2. **پێچان**: ڕەگ و ڕیشەی ئەم چاوگە لەزمانی سانسکریت: ڕیشەی -pec (pecati)، بەواتای بەستن، پێچان (حسن دوست، ١٣٩٥: ٧٦٤). زمانی ئێرانی کۆن: -čay-a- *paticā́ ، کە بە ئەگەری زۆر لە ڕیشەی ay- č بەواتای ڕنینەوە، لێکردنەوە، چنینەوە، لەگەڵ پێشگری - patičā́ بەواتای ئاوەژوو، پێچەوانە، بەیەکەوە بەواتای پێچان، پێچەوانە چنین دێت، زمانی ئاڤێستا: ئەمەش لە دوو بەش پێکدێت، بەشی یەکەمی paitiča ئاوەڵکارە، بە واتای پێچەوانە، ئاوەژوو، بەشی دووهەمی وشەکە، ڕەگی -kay بەواتای هەڵبژاردن (منصوری، ١٣٨٤: ٣٣٧). زمانی پەهلەوی ساسانی: pēčīdan، ڕەگی ڕانەبوردوو: -pēč بەواتای پێچان، تێکئاڵاو (مکنزی،١٣٩٠: ١٢٤). زمانی فارسی نوێ: پیچیدن، پیچانیدن، پیچده شدن، بەواتای پێچان، پێچ خواردن، پێچان. زمانی کوردیی: پێچان، بەواتای پێچدان، پێچاندن، بادان، سوڕاندن، پێچانەوە. بزوێنی کۆتایی پێشگری ئەم چاوگە لە زمانی ئێرانی کۆن نەگەشتۆتە قۆناغی ناوەڕاست لەناوچووە، هەروەها دەنگی [t]ی پێشگرەکە لەناوچووە، پاشان بزوێنی لێکدراوی [ai] گۆڕاوە بۆ دەنگی [ē] لە قۆناغی ناوەڕاست و نوێدا وشەکە بووە بە (pēč)، دواتر لەگەڵ ڕیشەکەدا یەکێک لە [č]ەکان، لەناوچووە، هەروەها بزوێنی کۆتایی ڕیشەکەش تیاچووە.

3.**پێوان**: ڕیشەی ئەم چاوگە لە زمانی هیندۆئەوروپی: -mē* پێوانی شتێک، ئەندازە گرتن (منصوری، ١٣٨٤: ٣٢٩). زمانی سانسکریت: ڕیشەی √mā بەواتای هەڵسەنگاندن، ئەندازە گرتن (رضائی باغ بیدی، ١٣٩١: ٣٠٨). زمانی فارسی کۆن: ڕیشەی -mā بەواتای ئەندازە گرتن (کنت، ١٣٩١: ٦٥٣).زمانی ئاڤێستا: -pati* + √mā بەواتای پێوان (هرن و هوبشمان، 1394: 137). زمانی پەهلەوی ئەشکانی: padmādag بەواتای پێوانە کراو، ئەندازە گیراو، دیاری کراو (بویس، ١٣٨٦: ١١٢). زمانی پەهلەوی ساسانی: paymūdan، ڕەگی

ڕانەبوردوو: -paymāy بەواتای پێوان، ئەندازەگرتن (مکنزی، ۱۳۹۰: ۱۲۳). زمانی فارسی نوێ: پیمودن، اندازه گرفتن، اندازه گرفتن با پیمانه، مساحت کردن، اندازه گرفتن زمین، طی کردن راه، گل به سر کردن، خاک به سر کردن، بەواتای پێوان (صفی زاده(بورەکەیی)، ۱۳۸۰: ٤٣٣). زمانی کوردی:پێوان، پێوانەکردن، پێوانە، ئەندازە گرتن. لەم چاوگەدا دەنگی [ē]ی هیندۆئەورووپی گۆڕاوە بۆ دەنگی [ā]، هەروەها بزوێنی کۆتایی پێشگرەکە لەناوچووە و نەگەیشتووەتە قۆناغی ناوەڕاست، گۆڕانێکی تر بریتییە لە گۆڕانی دەنگی [t] بۆ دەنگی [d] یان دەنگی [y] لە قۆناغی نوێشدا لەناوچووە، دەبینین، کە چاوگەکە لە زمانی پەهلەوی ساسانی بۆ زمانی فارسیی نوێ وەک خۆی ماوەتەوە و هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە بەو پێیەی، کە زمانی فارسی لێکەوتەی زمانی پەهلەوی ساسانییە، بەڵام لە زمانی کوردییدا پێشگر و ڕیشەکەی بە جۆرێک ئاوێتەبوون، کە ناتوانرێت جیابکرێنەوە، لەو نێوەندەشدا چەند پیتێک لەناوچوون و چەند پیتێک پەیدا بوون.

4. **تاودان:** ئەم چاوگە لە دوو بەش پێکدێت (تاو+دان)، ئەگەر سەرنج بدەینە ڕەگ و ڕیشەی ئەم چاوگە دەبینین لە زمانە کۆنەکاندا لەیەک بەش پێکهاتووە، ئەویش وشەی (تاو)ە، واتای (تاودان، گەرمبوون، درەوشانەوە) ی گەیاندووە؛ لەزمانی هیندۆ ئەوروپی: ڕیشەی -tep* بەواتای گەرمبوون (pokorny, 1959: 1069). زمانی سانسکریت: -tap، tápati بەواتای گەرمکردن، گەرمبوون (هرن و هوبشمان، ۱۳۹٤: ۱٤٣). زمانی ئێرانی کۆن: ڕیشەی -tap بەواتای گەرمبوون (منصوری، ۱۳۸٤: ٤١٣). زمانی ئاڤێستا: ڕیشەی -tap بەواتای گەرمبوون، گەرمکردن، داخبوون (Jackson,2014: 142 ; Bartholomae, 1961: 631). زمانی پەهلەویی ئەشکانی: -tāb، -tābād بەواتای گەرمبوون (رضائی باغ بیدی، ۱۳۸٥: ۲۰۳). زمانی پەهلەویی ساسانی: tāftan بەواتای گەرمبوون، سوتان، درەوشانەوە، ڕەگی ڕانەبوردوو: -tāb ، ڕەگی ڕابوردوو: -taft (مکنزی، 1390: 144). زمانی فارسی نوێ: تابیدن، تافتن، بەواتای تاودان، داخبوون، گەرمبوون. زمانی کوردیی: تاودان، بەواتای گڕدان، داخبوون، درەوشانەوە، تیشک دانەوە، توند غاردانی ئەسپ. لەم چاوگەدا دەنگی [e]ی هیندۆئەورووپی گۆڕاوە بۆ دەنگی[a] لە زمانە ئێرانییەکاندا، هەروەها دەنگی [p] گۆڕاوە بۆ دەنگی [b] یان [f] )، لە زمانی کوردییشدا گۆڕاوە بۆ دەنگی [w].

5. **ترسان:** ڕەگ و ڕیشەی ئەم چاوگە لەزمانی هیندۆئەورووپی: ڕیشەی -tr̥s * لەگەڵ (-tres* و -ters)، بەواتای لەرزین (منصوری، ۱۳۸٤: ٤١٦). زمانی سانسکریت: -tras (trásati) بەواتای لەرزین، ترسان (هرن و هوبشمان، ۱۳۹4: ۱٥۰). زمانی فارسیی کۆن: ڕیشەی -tras* ، ڕەگی ڕانەبوردوو: -tarsa بەواتای ترسان (Kent, 1953: 186). زمانی ئاڤێستا: -θrah بەواتای ترسان، لەگەڵ پێشگری avi بەواتای ترساندن، سڵەماندنەوە، لەگەڵ پێشگری frā بەواتای ترسان، تۆقان، لەگەڵ پێشگری paiti بەواتای ترساندن، سڵەماندن (Bartholomae, 1961: 644). زمانی پەهلەویی ئەشکانی: ahrās بەواتای ترس، سام، -ahrāsād بەواتای ترساندن (بویس، 1386: 21). زمانی پەهلەویی ساسانی: ڕەگی ڕانەبوردوو: -tars، ڕەگی ڕابوردوو: tarsīd (ڕەگێکی سازکراوە، لەڕەگی ڕانەبوردوو و پاشگری -dī)، (ابوالقاسمی، ۱۳۷۳: ٤٦). زمانی فارسیی نوێ: ترسیدن: خوف کردن، به واتای ترسان.

زمانی کوردی: ترسان: بەواتای ترسیان، نەوێران، سامکردن. ئەم چاوگە گۆڕانێکی کەمی بەسەردا هاتووە، دەنگی [t]ی فارسیی کۆن بەرانبەرە بە دەنگی [θ ث]ی ئاڤێستایە، لە زمانی پەهلەویی ئەشکانیشدا گۆڕاوە بۆ دەنگی [h].

6. **تێکۆشان:** زۆرێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، هەردوو چاوگی (تێکۆشان) و (کوشتن) پەیوەندییەکی نزیکیان پێکەوە هەیە، چاوگی تێکۆشان لە کوشتنەوە داڕێژراوە، ڕیشەی چاوگی تێکۆشان لە زمانی هیندۆ ئەورووپی: *keuk-s- بەواتای بەربەرەکانێکردن، کێشماکێشکردن، بەگژداچوون (Bailey, 1979: 63). زمانی ئێرانی کۆن: *kauša- ، لە ڕیشەی kauš- بەواتای کوشتن، پێست داماڵین (حسن دوست، ١٣٩٥: ٢٢٩٤). زمانی ئاڤێستا: kaoš- بەواتای کوشتن (Bartholomae, 1961: 432). زمانی پەهلەوی ئەشکانی: kōš- ، kōšād بەواتای تێکۆشان، شەڕکردن (بویس، ١٣٨٦: ٩٠). زمانی پەهلەوی ساسانی: kō(x)šītan بەواتای ململانێ کردن، تێکۆشان، خەباتکردن (Nyberg, 1974: 119). زمانی فارسی نوێ: کوشیدن، کوشش کردن، بەواتای تێکۆشان، هەوڵدان، ڕەنجکێشان. زمانی کوردیی: تێکۆشان، کۆشکردن، بەواتای هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجێک، خەباتکردن، کێبڕکێکردن. ئەو گۆڕانانەی بەسەر ئەم چاوگەدا هاتووە،[eu]ی هیندۆئەورووپی گۆڕاوە بۆ [au] یان[ao]، پاشان لە قۆناغی ناوەڕاست و نوێدا گۆڕاوە بۆ دەنگی [ō]، هەروەها دەنگی [k]دووهەم لەناوچووە، لە پاشاندا دەنگی[s]ی هیندۆئەورووپی گۆڕاوە بۆدەنگی [š].

7. **خرۆشان:** ڕەگ و ڕیشەی ئەم چاوگە لە زمانی هیندۆئەورووپی: *krau-k- بەواتای خرۆشان، دەنگ بەرزکردنەوە، هەراڵێکردن، زمانی سانسکریت: ڕیشەی kroś- (krósati) بەواتای خرۆشان، هاوارکردن (حسن دوست، ١٣٩٥: ١١٣٥). زمانی ئێرانی کۆن: ڕیشەی xraus- بەواتای خرۆشان، دەنگ بەرزکردنەوە (منصوری، ١٣٨٤: ٥٠٦). زمانی ئاڤێستا: xraosyōit/xraos- بەواتای خرۆشان، هاوارکردن(هرن و هوبشمان، ١٣٩٤: ١٩١).زمانی پەهلەوی ئەشکانی: xrōŝt- بەواتای خرۆشان، چرین، بانگکردین (رضائی باغ بیدی، ١٣٨5: ٢٠٩). زمانی پەهلەوی ساسانی: xrōstan بەواتای خرۆشان، هاوارکردن، بانگکردن (فرەوشی، ١٣٩٠: ٦٢٨). زمانی فارسی نوێ: خروشیدن: بەواتای خرۆشان، هەراکردن، ئاڵۆزبوون، هاوارکردن، ڕاپەڕین (عەبدوللا ئیبراهیمی، ٢٠١٢: ٦٨٢). زمانی کوردیی: خرۆشان، بەواتای هەراوهورا، پشێوی و بەیەکداچوونی خەڵک. ئەم چاوگە لە کۆنەوە تاوەکو قۆناغی نوێ کۆمەڵێک گۆڕانی بەسەرداهاتووە، دەنگی [*k ]ی هیندۆئەورووپی گۆڕاوە بۆ دەنگی [x]، هەروەها [au]ی ئێرانی کۆن بووە بە دەنگی [ō]، دەنگی [k]ی کۆتای وشەکە لە زمانی هیندۆئەورووپیدا گۆڕاوە بۆدەنگی [s]، پاشان لە هەندێک زمانی قۆناغی ناوەڕاست و لە زمانی فارسی و کوردیدا بووە بە دەنگی ]š[.

8. **خزان:** ڕەگ و ڕیشەی ئەم چاوگە لە زمانی ئێرانی کۆن: *hiza- لە ڕیشەی hiz/haiz- بەواتای خزان(ابوالقاسمی، ١٣٧٣: ٥٠). زمانی پەهلەوی ئەشکانی: xez- بەواتای خزان، لەسەر سنگ ڕۆیشتن (بویس، ١٣٨٦: ١٦٤). زمانی پەهلەوی ساسانی: xazīdan بەواتای خزین، ڕەگی ڕانەبوردوو: xaz- ، ڕەگی ڕابوردوو: xazīd (منصوری، 1384: 504). فارسیی نوێ: خزیدن، بەواتای خزان، خشان، لەسەر سنگ ڕۆیشتن. زمانی

کوردیی: خزان، بەواتای خۆ بەرەو خوار کشاندن، لەسەر سنگ ڕۆیشتن، خلیسکاندن، گلیان (هەژار، ١٣٦٩: ٢٤٣). گرنگترین گۆڕانەکانی ئەم چاوگە ئەمانەن: دەنگی [h]ی ئێرانیی کۆن، لەسەرەتای وشەدا گۆڕاوە بۆ دەنگی [x]، هەروەها بزوێنی لێکدراوی [ai] گۆڕاوە بۆ دەنگی [e].

9. **خوسان:** ڕەگ و ڕیشەی ئەم چاوگە لە زمانی ئێرانی کۆن: *hvīd-sa (پاشگری sa- نیشانەیە بۆ سەرەتای دەستپێکردنی کارێک (مادە آغازی)ە)، لە ڕیشەی -hvaid بەواتای ئارەقکردن، خوساندن (حسن دوست، ١٣٩٥: ١٢٢٠). زمانی ئاڤێستا: sa-ī $x^v$(مادە آغازی/ڕەگی سەرەتایی) بەواتای سەرەتای ئارەقکرد، لە ڕیشەی-$x^v$aed بەواتای ئارەقکردن (**Gharib, 1995: 180 ; Bartholomae, 1961: 1860**). زمانیپەهلەوی ساسانی: xwistan بەواتای ئارەقکردن، ڕەگی ڕانەبوردوو: -xwis ، ڕەگی ڕابوردوو: xwist(مکنزی، ١٣٩٥: ١٦٧).زمانی فارسی نوێ: خیساندن: بەواتای خوسان، نەرمکردن لە ئاودا، شێدارکردن. زمانی کوردیی: خوسان، خویسان بەواتای نەرمکردن لە ئاودا، تەڕکردنی زۆر. ئەگەر سەرنج بدەینە لێکدانەوەی ئێتیمۆلۆژیی ئەم چاوگە، بۆمان ڕووندەبێتەوە لە کۆندا بە واتای ئارەقکردن بەکارهاتووە، بەڵام لە زمانی کوردیدا کەمتر بۆ واتا بنەڕەتییەکەی بەکاردێت، زیاتر بەواتای (نەرمکردن، تەڕکردنی زۆر) دەگەیەنێت، ئارەقکردن کە وشەیەکی عەرەبییە شوێنی گرتۆتەوە. گرنگترین گۆڕانە مێژوویییەکانی ئەم چاوگە بریتییە لە گۆڕانی دەنگی [h]ی ئێرانی کۆن کاتێک دەکەوێتە سەرەتای وشەوە بۆدەنگی [x] لە قۆناغی ناوەڕاست و نوێ، دەنگی [v]ی ئێرانی کۆن لە قۆناغی ناوەڕاست و زمانی کوردیشدا بووە بە دەنگی [w]، لە زمانی فارسیشدا بووە بە دەنگی [y]، هەروەها [ai]ی ئێرانی کۆن گۆڕاوە بۆ دەنگی [e] یان [ē]، هەروەها دەنگی [d]یش لەناوچووە.

10. **دان:پێدان**/ڕەگ و بنەڕەتی ئەم وشەیە لە زمانی هیندۆ ئەورووپی: -*dō، بەواتای دان، پێدان، سپاردن، بەخشین ( حسن دوست، ١٣٩٥: ١٢٣٤). زمانی سانسکریت: dadāti لەڕەگی √dā بەواتای دان، بەخشین، پێدان (رضائی باغ بیدی، ١٣٩١: ٢٩٠). زمانی فارسی کۆن: بەهەمان شێوەی سانسکریتی لە ڕیشەی -dā وەرگیراوە، بەواتای دان، پێدان (کنت، ١٣٩١: ٦٠٩). زمانی ئاڤێستا: لە ڕیشەی -dā بەواتای دان،دانان، ڕەگی ڕانەبوردوو: -dadā، ئاوەڵناوی بەرکاری: -dāta (**Bartholomae, 1961: 711** )، زمانی پەهلەوی ئەشکانی: -dah بەواتای دان، پێدان (بویس، ١٣٨٦: ٥٨). زمانی پەهلەوی ساسانی: dātan، ڕەگی ڕانەبوردوو: -dah بەواتای دان، پێدان، پێسپاردن (**Nyberg, 1974: 60**). زمانی فارسی نوێ: دادن، عطاکردن، بخشیدن، واگذارکردن، بەواتای پێدان، سپاردن، لە زمانی کوردیشدا (دان) چاوگێکی ئەلفییە و بەواتای پێدان، سپاردن، بەخشین،... زۆرجاریش دەبێتە بەشی دووهەمی کرداری لێکدراو یان داڕێژراو وەک: ئەنجامدان، ژەهردان، فریودان، ڕەواجدان...هتد. ئەم چاوگە گۆڕانێکی کەمی بەسەردا هاتووە، دەنگی [ō]ی هیندۆئەورووپی لە زمانە ئێرانییەکاندا گۆڕاوە بۆ دەنگی [ā]، هەروەها بەشێوەیەکی گشتی بزوێنەکانی کۆتایی وشە لە قۆناغی کۆندا نەگەیشتوونەتە قۆناغی ناوەڕاست، لەناوچوون؛ دەبینین ئەم چاوگە لە قۆناغی ناوەڕاست بۆ قۆناغی نوێ تەنها لە زمانی کوردیدا دەبینین دەنگی [d]ی ناوەڕاست لەناوچووە.

11. **دڕان:** ڕەگ و ڕیشەی ئەم چاوگە لە زمانی هیندۆئەورووپی: ڕیشەی -der* بەواتای پێست لێکردنەوە، قڵیشان،دڕاندن، شەقبردن، زمانی سانسکریت: -dṛ بەواتای کونکردن، دڕاندن، شەقبردن، تلێشان (منصوری، ١٣٨٤: ١١٨). زمانی فارسیی کۆن: dartanaiy* ، بەواتای شەقبردن، دڕاندن (هرن و هوبشمان، ١٣٩٤: ٢٢٠). زمانی ئاڤێستا: ڕیشەی -dar، بە واتای دڕاندن، شەقبردن، درزبردن، لەگەڵ پێشگری (parōitوava) بەواتای دڕاندن، تلێشان، دوولەتکردن، هەروەهالەگەڵ پێشگری pairi بەواتای پێچان، بادان، ئاڵاندن، لەگەڵ پێشگری niš واتای کەندن، دەرهێنان دەگەیەنێت، ڕەگی ڕانەبوردوو: -dərənā، ئاوەڵناوی بەرکاری: -dərəta (Bartholomae, 1961: 689). زمانی پەهلەوی ساسانی: darrīdan بەواتای دڕان، پارچەپارچەکردن، (مکنزی،1390: 62). زمانی فارسی نوێ: دریدن، پارەشدن، بەواتای دڕان، پارچەپارچەبوو. زمانی کوردی: دڕان: بەواتای دڕاندن، لەتکردن، پچڕاندن.گرنگترین ئە گۆڕانانەی کە بەسەر ئەم چاوگەدا هاتووە ئەمانەن: دەنگی [e] ی هیندۆئەورووپی لە زمانە ئێرانییەکۆنەکاندا بووە بە دەنگی [a]، ئەوەی جێگای تێڕامانە، دەبینین وشەکە لە زمانی کوردیدا نەگۆڕاوە، وەک زمانی هیندۆئەورووپی ماوەتەوە، تەنها نیشانەی چاوگی وەرگرتووە.

12. **درەوشان:** تروسکانەوە، بریقانەوە/ ڕەگ و بنەڕەتی ئەم وشەیە لە زمانی ئێرانیی کۆن: -rauxš* بەواتای درەوشانەوە، نورپێدان، لەگەڵ پێشگری -ati هاتووە (منصوری، ١٣٨٤: ١٣٠). زمانی پەهلەویی ئەشکانی: -drafš بەواتای درەوشان (رضائی باغ بیدی، ١٣٨٨: ١٨٢). زمانی پەهلەویی ساسانی: -drafšīdan، ڕەگی ڕانەبوردوو: -drafš، بەواتای درەوشان، لەرزین (مکنزی،١٣٩٠: ٦٤). ئەم وشەیە لە زمانی پەهلەویی ساسانیدا بێجگە لە واتای درەوشانەوە، بۆ واتای (لەرزین) یش بەکارهاتووە، بەڵام مەرج نییە لە هەمان ڕەگ و ڕیشە بن، بەلکو ڕیشەی چاوگی لەرزین نادیارە. زمانی فارسیی نوێ: درخشیدن، درخشان، بەواتای درەوشان، ڕۆشن، شەوقدار، ڕووناک، (مردوخ روحانی، ١٣٩٠: ٣٤٦)، زمانی کوردیی: درەوشان، بەواتای درەشانەوە، بریسکانەوە، بریقەدانەوە.ڕیشەی ئەم چاوگەدا لە زمانی ئێرانی کۆندا وەک خۆی ماوەتەوە لە زمانی فارسیدا ، بەڵام لە زمانی کوردیدا دەبینرێت دەنگی [x] گۆڕاوە بۆ دەنگی [w]، هەروەها لە قۆناغی ناوەڕاستدا دەنگی [x] گۆڕاوە بۆ دەنگی [f]، هەروەها پێشگرەکەش گۆڕانی بەسەردا هاتووە، تەنها دەنگی [t] ماوەتەوە کە ئەمیش گۆڕاوە بۆ دەنگی [d].

13. **ڕژان**، ڕشتن، ڕژاندن، ڕەگ و ڕیشەی ئەم چاوگە لە زمانی هیندۆ ئەورووپی: ڕیشەی -leikᵘ* بەواتای وازهێنان، پشتگوێخستن، زمانی سانسکریتی: -ric (riṇákti)، بەواتای وازهێنان، بەجێهێشتن، ڕزگارکردن(منصوری، ١٣٨٤: ٣٥٩). زمانی ئێرانی کۆن: ڕیشەی -raik بەواتای بەجێهێشتن، ڕزگارکردن، بەردان (حسن دوست، ١٣٩٥: ١٥٠٤). زمانی ئاڤێستا: -raēk بەواتای ڕژان، ڕەوان بوون، لەگەڵ پێشگری paiti بەواتای ڕزگارکردن، ڕادەستکردن (Bartholomae, 1961:1479). زمانی پەهلەوی ئەشکانی: -rēxt ئاوەڵناوی بەرکارییە بەواتای ڕژاو (بویس، ١٣٨٦: ١٣١). زمانی پەهلەوی ساسانی: rēxtan، ڕەگی ڕانەبوردوو: -rēz، بەواتای ڕژان، ڕەوان بوون (مکنزی،١٣٩٠: ١٣٠). زمانی فارسی نوێ: ریختن: تکان(ابروی کسی ریختن)، تکاندن، بەواتای ڕژان، لەناوچوون، بردن (مردوخ

ڕوحانی، ١٣٩٠: ٤١٧). زمانی کوردیی: ڕژان: ڕشتن، ڕژیان، ڕژاندن. ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر ئەم چاوگەدا هاتووە: دەنگی [l]ی هیندۆئەورووپی گۆڕاوە بۆ دەنگی [r] لە زمانی سانسکریتی و زمانە ئێرانییەکاندا، [ei] هیندۆئەورووپی لە زمانە ئێرانییەکاندا بووە بە [ai] پاشان لە قۆناغی ناوەڕاست و نوێدا گۆڕاوە بۆ دەنگی [ē] ، هەروەها دەنگی ([kʰ] هیندۆئەورووپی گۆڕاوە بۆ دەنگی [k]، دواتر لە قۆناغی ناوەڕاستدا دەنگی [k] گۆڕاوە بۆ دەنگی [x]، لەزمانی کوردیشدا گۆڕاوە بۆ دەنگی [ž].

14. **ڕمان:** ئەم چاوگە لە دەقە بەجێماوەکانی زمانە ئێرانییەکانی قۆناغی کۆن و ناوەڕاستدا نابینرێت، بەڵام ڕەگ و ڕیشەی ئەم چاوگە لە زمانی هیندۆ ئەورووپی: -*remb-lemb/* بەواتای شۆڕبوونەوە، داکەوتن، کەوتنە خوارەوە **(pokorny, 1959: 656)**. زمانی سانسکریتی: -ramb (rámbate) بەواتای شۆڕبوونەوە، داتەپین **(Mayrhofer, 1980: 44)**. زمانی فارسی نوێ: رمباندن، رمبیدن، بەواتای داڕوخان، داتەپین، وێرانبوون. زمانی کوردیی: ڕمان، بەواتای داتەپین، ڕوخان، وێرانبوون، هاتنەخوارەوەی دیوار و خانوو. ئەم وشە تەنها لە زمانی هیندۆئەورووپی وسانسکریتدا دەبینرێت، دەبینین لە زمانی فارسیدا ڕیشەکە وەک خۆی ماوەتەوە، تەنها دەنگی [l]ی هیندۆئەورووپی گۆڕاوە بۆ دەنگی [r]، لە زمانی کوردیشدا هەمان گۆڕانی بەسەر هاتووە و دەنگی [b] کۆتایش لەناوچووە.

15. **ڕێسان:** ڕیشەی ئەم چاوگە لە زمانی هیندۆئەورووپی: reik بەزیادکردنی /k/ بۆڕیشەی -*rei دروستبووە، بەواتای پارچەکردن، بڕین، کەندن (حسن دوست، ١٣٩٥: ١٤٥٢). زمانی سانسکریت: miçra بەواتای بەند، گوریس، پەت، -rīs، riśāti بەواتای پارچەکردن، کەندن، زیانلێکەوتن (رضائی باغ بیدی، ١٣٩١:٣١٣؛ Mayrhofer, 1980: 62) زمانی ئێرانی کۆن: -rais بەواتای بڕین، کەندن ( Bailey, 1979: 218).زمانی ئاڤێستا: raēš ، -raēšya بەواتای زیان پێگەیاندن، پارچەکردن، زیان لێکەوتن (منصوری، ١٣٨٤: ٣٥٨-٣٥٩). زمانی پەهلەوی ساسانی: rēšītan بەواتای ئازارگەیاندن، بریندارکردن، ڕەگی ڕانەبوردوو: -rēš، ڕەگی ڕابوردوو: rēšīt (فرەوشی، ١٣٩٠: ٤٨٤). زمانی فارسی نوێ: ریسیدن، بەواتای ڕێسان، بادانی بەن و لۆکە. زمانی کوردیی: ڕێسان، بەواتای بادانی بەن و لۆکە، چەنەبازی. گرنگترین گۆڕانکارییەکانی ئەم چاوگە گۆڕانی [ei]ی هیندۆئەورووپییە بۆ دەنگی [e] یان [i] لەزمانی سانسکریتدا و [aē] یان [ai] لە زمانە ئێرانییەکاندا، لەپاشاندا ئەمەش لە قۆناغی ناوەڕاست و نوێدا گۆڕاوە بۆ دەنگی [ē]، هەروەها دەنگی [k] کۆتایی وشەکە لە زمانی هیندۆ ئەورووپیدا، گۆڕاوە بۆ دەنگی [ś] لە زمانی سانسکریتدا، دەنگی [s] یان دەنگی [š] لە زمانە ئێرانییەکاندا.

16. **ڕەنجان:** ڕەگ و ڕیشەی ئەم چاوگە لە زمانی سانسکریت: rang (ráyati) ، بەواتای پەشۆکان، وروژاندن **(Mayrhofer, 1980: 36)**. زمانی ئێرانی کۆن: -*ranǰ-a ، لەڕیشەی -*rang- /*ranǰ ، بەواتای ڕەنجان (منصوری، ١٣٨٤: ٣٥٢). زمانی پەهلەوی ئەشکانی: ranj (ناو)ە، بەواتای ڕەنج، دەردەسەر، زەحمەت (رضائی باغ بیدی، ١٣٨٥: ١٩٩). زمانی پەهلەوی ساسانی: ranǰ (ناو)ە، بەواتای ڕەنج و ئازار، ranǰēnītan بەواتای ڕەنجان، ماندووکردن، نیگەرانکردن (فرەوشی، ١٣٩٠: ٤٧٧). زمانی فارسی نوێ: رنجیدن، بەواتای تۆران، ڕەنجان، تورەبوون، دڵشکان. زمانی کوردیی:

ڕەنجان، بەواتای دڵشکان، نارەحەتکردن، تۆراندن، ئازاردان. ڕیشەی ئەم چاوگە گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە.

17. **ژیان:** ڕیشەی ئەم چاوگە لەزمانی هیندۆئەوروپی:eti u̯gʷī بەواتای ژیان( kent, 1953: 185).زمانی سانسکریت: vaīj ، v-īj بەواتای ژیان (رضائی باغ بیدی، ۱۳۹۱: ۲۸). زمانی فارسی کۆن: ڕیشەی -jiv بەواتای ژیان، زمانی ئاڤێستا: -gay ، ǰiva بەواتای ژیان (مولایی، ۱۳۸۷: ۱۷۳). زمانی پەهلەوی ئەشکانی: -žīw، wādīž بەواتای ژیان (رضائی باغ بیدی، ۱۳۸۵: ۱۸۹). زمانی پەهلەوی ساسانی: zī(wi)stan بەواتای ژیان (مکنزی، ۱۳۹0: ۱۷۱). زمانی فارسی نوێ: زیستن: زندگانی کردن، بەواتای ژیان بەسەربردن، گوزەرانکردن، تەمەنکردن. زمانی کوردیی: ژیان، بەواتای ژیان بەسەربردن، زیندوو بوون، زیندوو مانەوە، گوزەرانکردن. لەم چاوگەدا [gʷ]ی هیندۆئەوروپی لە زمانە ئێرانییەکاندا بووە بە دەنگی [ǰ]، پاشان لە قۆناغی نوێدا بووە بە دەنگی [z] یان [ž]، هەروەها دەنگی [u̯]ی هیندۆئەوروپی بەو پێیەی لە بزوێنەوە هاتووە گۆڕاوە بۆ دەنگی [v] لە زمانە ئێرانییەکاندا.

18. **سازان**، سازدان، سازکردن: ڕەگ و بنەڕەتی ئەم چاوگە لە زمانی هیندۆئەوروپی: ڕیشەی -kak* / -kek*، بەواتای بەتوانا بوون، یارمەتی دان (حسن دوست، ۱۳۹۵: ۱٦۳٦). زمانی سانسکریت: ڕیشەی (aknótiŚ)ak-Ś، بەواتای بەتوانا بوون، زمانی ئێرانی کۆن: ڕیشەی -sak بەواتای بەتوانابوون،ڕەگی ڕانەبوردوو: -sāča*، ئاوەڵناوی بەرکاری: -sāxta* (منصوری، ۱۳۸٤: ۳۷۳) . زمانی ئاڤێستا: ڕیشەی sak بەواتای تێگەیشتن، وەرگرتن، ڕەگی ڕانەبوردوو: sak-**Bartholomae, (1961:1552)**. زمانی پەهلەوی ئەشکانی: -sāž، -sāžād بەواتای ئامادەکردن، سازدان، سازکردن (رضائی باغ بیدی، ۱۳۸۸: ۲۰۰). زمانی پەهلەوی ساسانی: -sāxtan، ڕەگی ڕانەبوردوو: -sāz، بەواتای ئامادەکردن، دروستکردن **(Neberg, 1974: 174)**. زمانی فارسی نوێ: ساختن، بەواتای دروستکردن، سازان، سازیان. زمانی کوریی: سازان، سازدان، سازکردن، بەواتای دروستکردن، بنیاتنان، ڕۆنان، ڕێکخستن، گونجان، ڕێکەوتنی کەسێک لەگەڵ کەسێکی تر. لەم چاوگەدا دەنگی [k̂]ی هیندۆئەوروپی لە زمانی سانسکریت و زمانە ئێرانییەکاندا بووە بە دەنگی [s]، هەروەها دەنگی [k] کۆتای ڕیشەکە لە زمانی هیندۆئەوروپیدا گۆڕاوە لەبەرئەوەی لە دوای بزوێنەوە هاتووە گۆڕاوە بۆ دەنگی [č]، پاشان لە قۆناغی ناوەڕاستدا گۆڕاوە بۆ دەنگی [ž] یان [x]، لە زمانی کوردیشدا دەنگی [ž] گۆڕاوە بۆ دەنگی [z].

19. **سوان**: ڕەگ و ڕیشەی ئەم چاوگە لە زمانی سانسکریتدا: -āÇ بەواتای تیژکردن (هرن و هوبشمان، 1394: 286). زمانی ئێرانی کۆن: ڕەگی ڕانەبوردوو: -sāvaya* لە ڕیشەی -sav بەواتای پیامالّین، تێ هەسوین، دەست پیاهێنان، ئاوەڵناوی بەرکاری: -sūta* (حسن دوست، 1395: 1778). زمانی ئاڤێستا: -suδuš ناوە، بەواتای دەستاڕ، ئاش **Bartholomae, (1961: 1583)**. زمانی پەهلەوی ئەشکانی: -sāw بەواتای سوان، هەسوین، وردکردن (رضائی باغ بیدی، ۱۳۸۸: ۲۰۱). زمانی پەهلەوی ساسانی: sūdan، ڕەگی ڕانەبوردوو: -sāy بەواتای پێداهێنان، سوان، کوتانن داتەپین ( مکنزی، ۱۳۹:۱۳۹۰). زمانی فارسی نوێ: ساییدن، سائیدن، سودن(ادبی)، سابیدن(گفتاری)، بەواتای سوان، هەسوین،

ماڵین. زمانی کوردیی: سوان،سوون، ساوین، بەواتای ساف و تەخت بوون، سافکردن، پێداماڵین، کوتانەوە، وردونەرمکردن، تیژکردن، لوس بوون، نەمانی زبری شتێک. لەم چاوگەدا پاشگری (aya-)ی زمانی ئێرانی کۆن لە قۆناغی ناوەڕاستدا گۆڕاوە بۆ دەنگی [a] ، پاشان بووە بە -sāva*، دواتر(ava) لە قۆناغی کۆندا گۆڕاوە بۆ دەنگی [ū].

20. **سوتان:** ڕەگ و ڕیشەی ئەم چاوگە لە زمانی هیندۆ ئەورووپی: -keuk* بە واتای ڕووناکی هاویشتن، درەخشان، ڕۆشن بوون، سپی بوون، کڵپەسەندوو (حسن دوست، ١٣٩٥: ١٧٧٥). زمانی سانسکریت: ڕیشەی (catióŚ)uc-Ś بەواتای درەوشینەوە، تیشک دان، ڕووناکی هاویشتن.زمانی ئێرانی کۆن: ڕیشەی -saok بەواتای سووتان (یدالله منصوری، ١٣٨٤: ٣٧٧). زمانی ئاڤێستا: ڕیشەی -saok بەواتای سووتان، ئاوەڵناوی بەرکاری: -suxta **Bartholomae, 1961: (1548)**. زمانی پەهلەوی ئەشکانی: -sōž بەواتای سوتاندن (رضائی باغ بیدی، ١٣٨٨: ٢٠١). زمانی پەهلەوی ساسانی: sōxtan ،-sōč، بەواتای سوتان، سوتاندن **(Neberg, 1974: 177)**. زمانی فارسی نوێ: سوختن: آتش زدن، آتش گرفتن، نابودکردن، نابود شدن، باختن، بەواتای سووتان، ئاگر گرتن، لەناوبردن، دۆڕان، زمانی کوردیی: سووتان: بەواتای سوتاندن، ئاگرگرتن، ئاگر تێبەربوون، لەناوچوون، ئاگر تێچوون، زایەبوون، لەناوبردن، هەستکردن بە گەرمایەکی زۆر، دڵ پێسووتان، هەستی بەزەییکردن، ڕۆشن بوون، گەرمی یان نووردان، هەڵکڕوزان، هەڵکردن لەگەڵ دژواری و سەختییەکان، خستنە ڕەنج و ئازار دێت. لێرەدا دەنگی [k*]ی هیندۆئەورووپی لە زمانی سانسکریتدا بووە بە دەنگی [Ś]، لە زمانە ئێرانییەکاندا بووە بە دەنگی [s]، هەروەها [eu]ی هیندۆئەورووپی گۆڕاوە بۆ [au] یان [ao] ، پاشان لە قۆناغی ناوەڕاست و نوێدا گۆڕاوە بۆ دەنگی [ō]یان [ū]، دەنگی [k]ی کۆتایی وشەکەیش لە زمانەکانی قۆناغی ناوەڕاست و نوێدا بووە بە دەنگی [x] یان [ž])، لە زمانی کوردیشدا لەناوچووە،بەهەمان شێوە واتاکەشی لە قۆناغی کۆن بۆ ناوەڕاست گۆڕاوە.

21. **شکان:** بنەچە و ڕەگی ئەم چاوگە لە زمانی هیندۆئەورروپی: -(s)k(h)e-n-d* بەواتای شکان، درزبردن، هەڵتلیشان (کە لە ڕیشەی(-šek*)ەوە دروستبووە، بەواتای بڕین) (حسن دوست،١٣٩٥: ١٨٨٤). زمانی سانسکریت: skhadate بەواتای دەشکێت، کردارێکی سازکراوە لە ناوی دوولایەنی -skhándhah بەواتای لق، پەل، چڵ، چڵی دار و درەخت (منصوری، ١٣٨٤: ٤٠٣). زمانی ئێرانی کۆن: ڕیشەی -skad-/skand بەواتای شکان، ڕەگی ڕانەبوردوو: -škad-na* (ابوالقاسمی، 1373: 63). زمانی ئاڤێستا: ڕیشەی -skand بەواتای شکان، ڕەگی ڕانەبوردوو: -sčandaya یان -sčindaya بەواتای شکاوی **Bartholomae, 1961: 1586)**. زمانی پەهلەوی ئەشکانی: iskand بەواتای ئیفلیجی، کەمئەندام، پەککەوتوو (رضائی باغ بیدی، ١٣٨٨: ١٧٦). زمانی پەهلەوی ساسانی: škastan،ڕەگی ڕانەبوردوو: (ken-š)kan-š بەواتای شکان، دوبەش بوون **(Neberg, 1974: 186)**. زمانی فارسی نوێ: شکستن: پارەکردن، خردکردن، ریز ریزکردن، تکه شدن، قطعه قطعه کردن، شکستەشدن، شکست دادن، بەواتای شکان وردکردن و پارپارچە کردن، شکستهێنان. زمانی کوردیی: شکان بەواتای وردکردن، وردبوون، لەتبوون، دۆڕان، شکستهێنان، هاتنە خوارەوەی نرخ، هەڵوەشانەوەی دەستنوێژ،

هەڵوەشانی ڕۆژوو.لەم چاوگەدا دەنگی [s]ی هیندۆئەورووپی گۆڕاوە بۆ دەنگی [š]، بزوێنی کۆتایی وشەی زمانە ئێرانییە کۆنەکان لەناوچوون، دەنگی [e]ی هیندۆئەورووپی گۆڕاوە بۆ دەنگی [a] ، هەروەها (-aya)ی کۆتای قۆناغی کۆن گۆڕاوە بۆ دەنگی [a].

22. **کوتان:** ڕەگ و ڕیشەی ئەم چاوگە لە زمانی هیندۆئەورووپی: ڕیشەی (s)k(h)aup- بەواتای کوتان، لێدان(منصوری، ١٣٨٤: ٢٣٠).زمانی ئێرانی کۆن: ڕیشەی kaup-بەواتای کوتان، لێدان، ڕەگی ڕانەبوردوو: *kaupa- ، ڕەگی ڕابوردوو: *kaufta- (حسن دوست، ١٣٩٥: ٢٢٩٥-٢٢٩٦).زمانی پەهلەوی ئەشکانی: kōbag بەواتای تورەیی، کوتراوی، دڵشکاوی(بویس، ١٣٨٦: ٨٩).زمانی پەهلەوی ساسانی: kōftan بەواتای کوتان، لێدان، وردکردن، ڕەگی ڕانەبوردوو: kōf- ، ڕەگی ڕابوردوو: kōft (فرەوشی، 1390: 337).زمانی فارسی نوێ: کوفتن، کوبیدن، بەواتای کوتان، لێدان، وردکردن. زمانی کوردیی: کوتان، بەواتای لێدان، وردکردن، سفتکردن، شتێکی چنراو، پەستاندنەوەی شوێنی فشەڵ.ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر ڕیشەی ئەم چاوگەدا هاتووە،[au] گۆڕاوە بۆ دەنگی [ō] ، هەروەها دەنگی [p]گۆڕاوە بۆ دەنگی [b] یان [f] ، بەڵام دەنگی [p] لە زمانی کوردیدا لەناوچووە.

23. **کێشان:** ڕەگ و ڕیشەی ئەم وشەیە لە زمانی هیندۆ ئەورووپی: kʷel-s- بەواتای ڕاکێشان، کێشان(منصوری،١٣٨٤: ٢٢٧). زمانی سانسکریت: ڕیشەی √kṛṣ(kárṣati)بەواتای کێشان، کێڵان ( رضائی باغ بیدی، 1391: 278). زمانی فارسی کۆن: karša- بەواتای کێشان، ڕاکێشان (کنت، ١٣٩١: ٥٨٠). زمانی ئاڤێستا: ڕیشەی karš-،karšayen بەواتای کێشان، ڕاکێشان ( هرن و هوبشمان، ١٣٩٤: ٣٣٢). زمانی پەهلەوی ساسانی: kešīdan، بەواتای ڕاکێشان، دەرهێنان، ڕەگی ڕانەبوردوو: kēš- ( مکنزی، ١٣٩٠: ١٠٠). زمانی فارسی نوێ: کشیدن: بەواتای کێشان،ڕاکێشان، دەرهێنان(دندان کشیدن)، نەخش کردن، وێنە کێشان(نقاشی کشیدن)، کێشانەکردن(گندم کشیدن)، تێکردن، داکردن(غذا کشیدن)، کوێرەوەری دیتن(هرچە می کشیم از دست خودمان است) (مردوخ روحانی، ١٣٩٠: ٦٤١). زمانی کوردیی: کێشان، بە واتای ڕاکێشانی شت، قوم دان لە جگەرە و نێرگەلە، ئەندازەگرتنی شت بە سەنگ و تەرازوو، پەڕاندنی وڵاخی نێر لە مێ (شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٥: ٣٨٨). لەم چاوگەدا دەنگی [kʷ] ی هیندۆئەورووپی گۆڕاوە بۆ دەنگی [k]، گۆڕانێکی تر بریتییە لە گۆڕانی دەنگی [e]ی هیندۆئەورووپی گۆڕاوە بۆ دەنگی [a] لە زمانی سانسکریتی و زمانە ئێرانییە کۆنەکاندا، دواتر لە قۆناغی ناوەڕاست و نوێدا گۆڕاوە بۆ دەنگی[ē] ، هەروەها دەنگی [l]ی هیندۆئەورووپی گۆڕاوە بۆ دەنگی [r] لە زمانی سانسکریتی و زمانە ئێرانییەکاندا، دواتر لە قۆناغی ناوەڕاست و نوێدا لەناوچووە، هەروەها دەنگی [s] لەدوای دەنگی [l] یان [r] هاتبێت، گۆڕاوە بۆ دەنگی [š].

24. **گریان:** بنەڕەتی وشەکە لە زمانی هیندۆئەورپی: ڕیشەی *gla-ĝh- بەواتای گلەیی کردن، سەرزەنشتکردن، زمانی سانسکریت: garh- (gárhati) بەواتای گلەییکردن و سەرزەنشتکردن (منصوری، ١٣٨٤: ١٧٣)، زمانی فارسی کۆن: ڕەگی *gard- بەواتای گلەیی کردن، ناڵاندن، ڕەگی ڕانەبوردوو: *gradya- ( حسن دوست، ١٣٩٥: ٢٣٩٣). زمانی ئاڤێستا: ڕەگی-garəz بەواتای گلەییکردن، ڕەگی ڕانەبوردوو: gərəz-

(Bartholomae, 1961: 516). زمانی پەهلەوی ساسانی: grīstan، ڕەگی ڕانەبوردوو: -griy بەواتای گریان (Neberg, 1974: 85). زمانی فارسی نوێ: گریستن/ گریەکردن، بەواتای گریان. زمانی کوردیی: گریان، بەواتای فرمێسک ڕژاندن، دەنگ هەڵبڕین لەبەر ئێش و ئازار، (ئیبراهیم زادە، ٢٠١٤: ٢٤٦). گرنگترین ئەو گۆڕانە دەنگییانەی کە بەسەر ئەم چاوگەدا هاتووە، ئەمانەن: دەنگی [l]ی هیندۆئەورووپی گۆڕاوە بۆ دەنگی [r] لە زمانی سانسکریتی و زمانە ئێرانییەکانیشدا، [ĝh]ی هیندۆئەورووپی گۆڕاوە بۆ دەنگی [d] یان [z] لە زمانە ئێرانییەکاندا لە هەردوو قۆناغی کۆن و ناوەڕاست، هەروەها لە زمانی فارسیشدا، بەڵام لە زمانی کوردیدا لەناوچووە، واتاکەشی لە کۆندا بەواتای فرمێسک ڕشتن نەهاتووە، بەڵکو واتای دیکە هەبووە (واتای ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی فرمێسک ڕشتن)، بەڵام لە قۆناغی ناوەڕاست بەدواوە، واتای گریان و فرمێسک ڕشتنی وەرگرتووە.

**25. گۆڕان:** لەزمانی ئێرانی کۆن: ڕیشەی -kar بەواتای کردن، لەگەڵ پێشگری -wi بە واتای گۆڕان(منصوری، ١٣٨٤: ٤٦٦). سەبارەت بە ڕیشەی ئەم چاوگە ڕای جیاواز هەیە، (هەندێک لە شارەزایان ڕیشەی -kar، هەندێک ڕیشەی -far، هەندێک ڕیشەی -har)یان پێشنیاز کردووە. زمانی پەهلەوی ئەشکانی: wihird بەواتای ئاڵۆز، شێواو، شڵەژاو، گۆڕاو (حسن دوست، ١٣٩٥: ٢٤٨٦). زمانی پەهلەوی ساسانی: -wihīr،wihrīšn بەواتای گۆڕان، گۆڕین(مکنزی، ١٣٩٠: ١٥٨؛ Nyberg, 1974: 212). زمانی فارسی نوێ: گوهریدن/ عوض کردن، تغییر کردن، چیزی را بە چیزی عوض و بدل کردن، بەواتای گۆڕان دێت. زمانی کوردی: گۆڕان، گۆڕین، بەواتای لە حاڵێکەوە بۆ حاڵێکی تر چوون، بارەو بار بوون (هەژار، ١٣٦٩: ٧٠٤). بە پێی بۆچوونی هەندێک لە شارەزایان،لەوانە( بیلی، پالیارو) پێ دەچێت گۆڕانە دەنگییەکان بەمشێوەیە بووبێت: پێشگری -vi لەگەڵ ڕیشەی -gar بەواتای گرتن/ *vi-gar->*vigar->*guɣar->guhar[danī] (منصوری، ١٣٨٤: ١٦٩)، لەزمانی کوردیدا دەنگی [h]، لەناوچووە، پاشان [ao] گۆڕاوە بۆ [ō]، هەروەها لە پاشگری (-danī)یش تەنها (-an)ی پاشگرەکە ماوەتەوە.

**26. گەڕان:** ڕەگ وبنچینەی ئەم وشە لە زمانی هیندۆ ئەورووپی: ڕیشەی *ger بەواتای گەڕان، سوڕانەوە (منصوری، ١٣٨٤: ١٦٧). زمانی سانسکریت: ڕیشەی -vart (vártate) بە واتای گەڕان، سوڕان (حسن دوست،١٣٩٥: ٢٤١٦).زمانی ئێرانی کۆن: *gart-a- ، دەتوانرێت بوترێت لە ڕیشەی (-gart)هاتووە بەواتای گەڕان (منصوری، ١٣٨٤: ١٦٧). زمانی پەهلەوی ساسانی: gartišn، بەواتای گەڕان و سوڕانەوە (Neberg, 1974: 81). زمانی فارسی نوێ: گشتن/ چرخیدن، دوررزدن، بەواتای گەڕان، سوڕان. زمانی کوردیی: گەڕان، بەواتای ڕۆیشتن، هاتوچۆکردن (هەژار، ١٣٦٩: ٧٢٦). لەم چاوگەدا دەنگی [e]ی هیندۆ ئەورووپی گۆڕاوە بۆ دەنگی [a] لە زمانە ئێرانییەکاندا، بزوێنی کۆتای وشەکە لە قۆناغی ناوەڕاستدا لەناوچووە، هەروەها دەنگی [t]ی ڕیشەکەی لە زمانی کوردیدا لەناوچووە، لە زمانی فارسیشدا گۆڕاوە بۆ دەنگی [d]، ڕەگی ڕابوردووی زمانی فارسی = گرد.

**27. مان: مانەوە:** ڕیشەی ئەم چاوگە لە زمانی هیندۆئەورووپی: *men- بەواتای مانەوە، بێ جوڵان، ڕاوەستان. زمانی سانسکریت: ڕیشەی -man ، بەواتای چاوەڕێبوون، مانەوە، درەنگ

کردن (حسن دوست، ١٣٩٥: ٢٠٧٦). زمانی فارسی کۆن:ڕیشەی -$^{2}$man بەواتای مانەوە (کنت، ١٣٩١: ٦٥٦). زمانی ئاڤێستا: ڕیشەی -man بەواتای ئارامگرتن، چاوەڕوانیکردن، مانەوە، لەگەڵ پێشگری upa بەواتای چاوەڕوانیکردن، لەگەڵ پێشگری frā بەواتای مانەوە، خۆڕاگری کردن **(Bartholomae, 1961: 1124)**. زمانی پەهلەوی ئەشکانی: ڕیشەی -mān، بەواتای مانەوە (بویس، ١٣٨٦: ٩٣). زمانی پەهلەوی ساسانی: māndan، ڕەگی ڕانەبوردوو: -mān، بەواتای مانەوە، وەستان (مکنزی، ١٣٩٠: ١٠٤). زمانی فارسی نوێ: ماندن، ازبین نرفتن، اثر بجاماندن، اقامت گزیدن، انتظارکشیدن، باختن، شکست خوردن، باقی ماندن، باقی گذاشتن، خستەشدن، زندە گذاشتن، زندە ماندن، عقب نماندن، نرفتن، بەواتای شوێنەوار لێمانەوە، لە پاش بەجێمان، لێمانەوە، چاوەڕوانبوون، تێکشکان، بەزین، دۆڕان، زیانکردن، لەکیسچوون، مانەوە، بەجێهێشتن، لەپاش بەجێمان، هێشتنەوە، شەکەتبوون، وەستان، هیلاکبون، بە زیندوو مانەوە، نەمردن، بەجێنەمان، دوانەکەوتن، نەڕۆشتن (عەبدولا ئیبراهیمی، ٢٠١٢: ١٥٤٣). زمانی کوردیی: مان، مانەوە، نەڕۆیشتن، جێگیربوو، ئەم چاوگە وەک خۆی ماوەتەوە و گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە.

**28. نالان: ناڵین، نالاندن:** ڕەگ و ڕیشەی ئەم چاوگە لە زمانی هیندۆئەورووپی:*(s)ner- بەواتای نەڕاندن، مۆرەمۆر کردن، بۆڵەبۆڵ کردن، زمانی سانسکریت: ڕیشەی -nard (nárdati) بەواتای نەڕاندن، گرماندن(منصوری، ١٣٨٤: ٢٥٣). زمانی ئێرانی کۆن: ڕیشەی -*nard بەواتای بانگکردن (ابوالقاسمی، ١٣٧٣: ٧٧). زمانی پەهلەوی ئەشکانی: -nār بەواتای نالان، ناڵین، نالاندن (رضائی باغ بیدی، ١٣٨٨: ١٩٣). زمانی پەهلەوی ساسانی: -nāl بەواتای نالان، گلەیی کردن (مکنزی،١٣٩٠: ١٠٩). زمانی فارسی نوێ: نالیدن، زمانی کوردیی: نالان، نالاندن، ناڵین، بە کەسێ دەوترێت کە لەتاو خەم و دەرد دەکروزێتەوە، کڕوزانەوە لە دەرد و داخ (هەژار، ١٣٦٩: **856**). ڕیشەی ئەم چاوگە لە قۆناغی کۆن بۆ قۆناغی ناوەڕاست دەنگی [d]ی کۆتایی لەناوچووە، هەروەها دەنگی [r] گۆڕاوە بۆ دەنگی [l] لە زمانی فارسی نوێ، هەروەها لە زمانی کوردیشدا گۆڕاوە بۆ دەنگی [ڵ].

**29. هێڵان، هێشتن:** ڕەگ و ڕیشەی ئەم چاوگە لە زمانی هیندۆئەورووپی: ڕیشەی -*šelĝ بەواتای ڕزگارکردن، وازلێهێنان (منصوری، ١٣٨٤: ٢٠٧). زمانی سانسکریت: -sarǰ، sṛǰáti بەواتای وەبەرخۆدان، ڕزگارکردن، دەرچوون(هرن و هوبشمان، ١٣٩٤: ٤٢٨).زمانی فارسی کۆن: ڕیشەی -hard بەواتای وەبەرخۆدان، وازلێهێنان**(Kent,1957: 214)**. زمانی ئاڤێستا: ڕیشەی -harəz بەواتای ڕزگارکردن، ڕەگی ڕانەبوردوو: -harəza ، ئاوەڵناوی بەرکاری: -haršta **(Bartholomae, 1961: 1792 )**. زمانی پەهلەوی ئەشکانی: -hirz بەواتای وازلێهێنان، جێگیربوون، ڕادەستکردن، دانان، بەخشین، ئاوەڵناوی بەرکاری: hišt (بویس، **1386: 83**). زمانی پەهلەوی ساسانی: hištan ، ڕەگی ڕانەبوردوو: -hil بەواتای وازهێنان، ڕزگارکردن، لێخۆشبوون، جێکردنەوە، ناردن(مکنزی، ١٣٩٠: ٨٩). زمانی فارسی نوێ: هشتن: ایجازه دادن، گذاشتن، رها کردن، ترک کردن، قرار دادن، گماردن، بەواتای هێشتن، ڕێگەپێدان، دانان، ڕزگارکردن، وازهێنان، جێکردنەوە، ناردن. زمانی کوردیی: هێڵان، هێشتن: بەواتای ڕێگەدان، ئیجازەدان، ڕاگرتن، وازلێهێنان، بەجێهێشتن. لەم چاوگەدا دەنگی [s]ی هیندۆئەورووپی لە

سەرەتای وشەدا گۆڕاوە بۆ دەنگی [h]، پاشان دەنگی [e]ی هیندۆئەوروپی گۆڕاوە بۆ دەنگی [a]، هەروەها (lĝ)ی هیندۆئەوروپی لە زمانە ئیرانییەکاندا بووە بە (rd/rz)، بەڵام دەبینین لە زمانی کوردیدا(ڕەگی ڕانەبوردوو) دەنگی [r]ی ئێرانی کۆن گۆڕاوە بۆ دەنگی [l]، [d]ش تیاچووە.

**30. وەستان:** ڕیشەی چاوگی (وەستان) لە زمانی هیندۆئەوروپی: -st(h)ā* بەواتای وەستان (**kent, 1953: 210**). زمانی سانسکریت: ava-sthā پێشگری avaو ڕیشەی sthā پێکهاتووە، بەواتای وەستان (رضائی باغ بیدی، ۱۳۹۱: ۳۳۱). زمانی ئێرانی کۆن: -abi-hištā* لە ڕیشەی -stā بەواتای وەستان (باخان عبدالرحمن، ۱۳۹۵: ۲۵). زمانی فارسی کۆن: ava+stā، کە پێکهاتووە لە پێشگری ava و ڕیشەی stā بەواتای وەستان، دانان، جێگیرکردن (مولایی، ۱۳۸۷: ۲۳٤). زمانی ئاڤێستا: ava.hišta، پێکهاتووە لە پێشگری ava و ڕەگی ڕابوردوو(hišta) لە ڕیشەی -stā بەواتای وەستان، بەرپاکردن (ابوالقاسمی، ۱۳۹٦: ٦۲ ؛ **Bartholomae, 1961: 1602**). زمانی پەهلەوی ئەشکانی: ēstبەواتای وەستان، دانان ( **Boyce, 1977: 24**). زمانی پەهلەوی ساسانی: ōstādan ، ڕەگی ڕانەبوردوو: st-ō ، ڕەگی ڕابوردوو: stādō (**Nyberg, 1974: 145**). زمانی فارسی نوێ: ایستادن، بەواتای وەستان، هەستان، جێگرتن، ماندووبوون. زمانی کوردیی: وەستان، بەواتای ڕاوەستان بە پێوە، لە جوڵە کەوتن، جێگیربوون، ماندووبوون. لەم چاوگەدا گۆڕانێکی کەم ڕوویداوە، ئەویش گۆڕانی پێشگری(-ava)، کە لە قۆناغە جیاوازەکاندا گۆڕانی جیاوازی بەسەرهاتووە، لە قۆناغی ناوەڕاستدا گۆڕاوە بۆ دەنگی ]ō[، لە زمانی فارسیشدا گۆڕاوە بۆ دەنگی [ē]، لە زمانی کوردیشدا بووە بە (-wa).

## 2/2) چاوگە ناسادەکان:

**١.ئازاردان/** ئەم چاوگە لە قۆناغی کۆندا یەک وشە بووە، بەڵام لە قۆناغی ناوەڕاست و نوێدا لە دووبەش پێکدێت: ئازار+ دان، لێرەدا بەشی یەکەمی چاوگەکە شیدەکەینەوە، بەشی دووهەمی چاوگەکەش(دان)، لە پاری یەکەمدا شیکردنەوەی بۆ کراوە، بنەڕەتی وشەکە لە زمانی سانسکریت: hṛnīte لە ڕەگی hṛ بەواتای هەڵچوون، توڕەبوون (منصوری، ۱۳۸٤: ۷۷). زمانی فارسی کۆن: (-dartana)هاتووە، ناوە و بە واتای ڕق، تووڕەیی، غەزەب... (کنت، ۱۳۹۱: ٦۱٥). زمانی ئاڤێستا:ڕیشەی(-zar) بەواتای ڕق هەستان، قەڵسبوون، هەڵچوون...هاتووە، هەروەها ئاوەڵناوی بەرکاری -zarəta هاتووە بە واتای ڕق هەستان، لەگەڵ پێشگری (ā) بە واتای توڕەکردن، توڕەبوون، ڕەگی ڕانەبوردوو: -zaranya (**Bartholomae, 1961: 1669**). زمانی پەهلەوی ئەشکانی: zār ā بەواتای ئازار،zār āan بە واتای بێ ئازار، لە ڕیشەی-zarبەواتای توڕەبوون، قەڵسبوون (حسن دوست، ۱۳۹٥: ٤۷). زمانی پەهلەوی ساسانی: āzardan، بە واتای ڕەنجاندن، زیانگەیاندن (مکنزی، ۱۳۹۰: ۱۷). زمانی فارسی نوێ: آزاردادن، آزاررساندن، آزردن، بەواتای ئازاردان، ئەشکەنجەدان، ڕەنجاندن،زمانی کوردی: ئازاردان بەواتای ئێشاندن، عەزیەتدان، ئێش پێگەیاندن. ئەم چاوگە لە زمانەکانی قۆناغی ناوەڕاست بۆ قۆناغی نوێ گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، بەڵام دەبینین ڕیشەی چاوگەکە لە زمانی هیندۆئەوروپی و سانسکریتی دەنگی [h] گۆڕاوە بۆ دەنگی [d] لە

زمانی فارسی کۆندا و دەنگی [z] لەزمانی ئاڤێستادا، هەروەها واتاکەشی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لە زمانەکانی قۆناغی کۆن و ناوەڕاست واتای دیکەی نزیک لە مانا بنەڕەتییەکەی هەبووە(واتای ئەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی ئازاردان)

٢. **ئەنجامدان:**ئەم چاوگە سادەیە، بەشی دووهەمی ئەم چاوگە(دان) لە پاری یەکەمدا لێکدانەوەی بۆ کراوە، ئەم وشەیە لە زمانی ئێرانی کۆن: *ham-ǰāf-ta- ، ڕیشەی am-ǰ جۆرێکی تری gam- ،شێوە بنەڕەتییەکەی (ǰāf-)ە، دەنگی [m] پێش دەنگی [t] دەگۆڕێت بۆدەنگی [f]، (منصوری، 1384: 200). زمانی ئاڤێستا: ڕیشەی gam- بەواتای هاتن، لەگەڵ پێشگری (ham) بەواتای کۆتایی هاتن، تەواوبوون **(Bartholomae, 1961: 493, 501)**. زمانی پەهلەوی ئەشکانی: ڕەگی ڕانەبوردووەکەی: hanǰām-، بەواتای تەواوکردن، ئەنجامدان، بەئەنجام گەیاندن، ڕەگی ڕابوردوو: hanǰaft (بویس، ١٣٨٦: ٧٨). زمانی پەهلەوی ساسانی: hanǰāftan، ڕەگی ڕانەبوردوو: hanǰām-، ئەنجامدان،ڕاپەڕاندن، تەاوکردن (مکنزی، 1390: 88). زمانی فارسی نوێ: انجام دادن بەواتای ئەنجامدا، ڕاپەڕاندن، زمانی کوردیی: ئەنجامدان بەواتای جێبەجێکردن، بڕینەوەی کارێک.ئەم وشەیە گۆڕانێکی کەمی بەخۆیەوە بینیوە، ئەویش گۆڕانی دەنگی [m]ی پێشگرەکە لە قۆناغی کۆن بۆ دەنگی [n] لە قۆناغی ناوەڕاست و نوێدا، هەروەها لە هەردوو زمانی فارسی و کوردیدا دەنگی [h]ی سەرەتای پێشگر لەناوچووە، هەروەها بزوێنی کۆتای وشەکانی قۆناغی کۆن لە قۆناغی ناوەڕاستدا لەناوچوون.

3. **ڕەواجدان:** ئەم چاوگە لە دووبەش پێکدێت: (ڕەواج+دان)، لێرەدا تیشک دەخەینە سەر ڕەگ و ڕیشەی وشەی ڕەواج، هەردوو وشەی (ڕەواج) و (ڕۆشتن) لە بنەڕەتدا یەک ڕیشەیان هەیە، وشەی (ڕەواج) لە چاوگی (ڕۆشتن)ەوە دروستبووە. ڕیشەی وشەی(ڕەواج) لە زمانی هیندۆئەورووپی: *rebh- بەواتای ڕۆشتن، بزوتن، جوڵان **(pokorny, 1959: 853)**. زمانی ئێرانی کۆن: ڕیشەی rab-بەواتای جوڵان، ڕۆشتن (منصوری، ١٣٨٤: ٣٠٠). زمانی ئاڤێستا: ڕیشەی rap- بەواتای ڕۆشتن، جوڵان (هرن و هوبشمان، ١٣٩٤: ٢٤٢). زمانی پەهلەوی ئەشکانی: raftan بەواتای ڕۆشتن، کارکردن، ڕەفتارکردن، ڕەگی ڕانەبوردوو: raw- ، ڕەگی ڕابوردوو: raft(بویس، ١٣٨٦: ١٢٨). زمانی پەهلەوی ساسانی: rawāg (ناو)ە، بەواتای ڕەواج، پێشکەوتن، rawāgēnīdan بەواتای ڕەواجدان، بزواندن، خستنەگەڕ (مکنزی، ١٣٩٥: ١٢٨). زمانی فارسی نوێ: رواج دادن، رایج کردن، بەواتای ڕەواج دان، برەوپێدان، وەگەڕخستن، پەرەپێدان. زمانی کوردیی: ڕەواجدان، بەواتای برەوپێدان، پەرەپێدان، وەگەڕخستن. دەبینین ئەم وشەیە تا پێش سەردەمی ساسانییەکان واتای (جوڵان، ڕۆشتن)ی گەیاندووە، بەڵام لە زمانی پەهلەوی ساسانیدا چاوگی (ڕەواجدان)، لە ڕیشەی ڕۆشتن کە (√raw)ە، داڕێژراوە. لێرەدا دەنگی [e]ی هیندۆئەورووپی گۆڕاوە بۆ دەنگی [a]، هەروەها دەنگی [b] گۆڕاوە بۆ دەنگی [p]یان [f] یان [w] لەقۆناغی ناوەڕاست و نوێدا.

4. **ژەهردان:** لەخستنە ڕووی ئێتیمۆلۆژیی چاوگی ژەهردان، تیشک دەخەینە سەر ڕەگ و ڕیشەی وشەی (ژەهر)، کە بەشی یەکەمی چاوگەکەیە، بەشی دووهەمی چاوگەکە (دان)ە، لە شیکردنەوەکانی پێشوودا ڕەگ و ڕیشەی

خراوەتە ڕوو،ڕیشەی ژەهر لەزمانی ئێرانی کۆن: ǰaθra-* بەواتای ئامرازی کوشتن ( (Nyberg, 1974: 228. لە ڕیشەی jan- بەواتای کوشتن و پاشگری (θra) پێکهاتووە، زمانی ئاڤێستا: ǰaθra بەواتای ژەهر، ئامرازی کوشتن، لە ڕیشەی jan- بەواتای کوشتن(هرن و هوبشمان، ١٣٩٤: ٢٦١). زمانی پەهلەوی ئەشکانی: žahr- بەواتای ژەهر ( Maryboyce, 1977: 50). زمانی پەهلەوی ساسانی: zahr (ناو)ە، بەواتای ژەهر، zahrēnīdan بەواتای ژەهر پێدان، ژەهراویکردن (منصوری، ١٣٨٤: ٥٢٥). زمانی فارسی نوێ: زهردادن، زهردارکردن، بەواتای ژەهرپێدان، ژەهراوی کردن. زمانی کوردیی: ژەهردان، بەواتای ژەهردەرخوارد دان، دەرمانخواردکردن. ئەو گۆڕانانەی بەسەر ئەم وشەدا هاتووە، ئەمانەن: دەنگی [j]ی ئێرانی کۆن لە سەرەتای وشەدا گۆڕاوە بۆ دەنگی [z] یان [ž])، دەنگی [θ]ی ئێرانی کۆن لە ناوەڕاستی وشەدا گۆڕاوە بۆ دەنگی [h] ، بزوێنی کۆتایی وشەکەش لەناوچووە.

5. **فریودان**: ڕەگ و ڕیشەی بەشی یەکەمی چاوگەکە (فریو)، لە زمانی هیندۆ ئەورووپی: dhebh-* بەواتای فریودان، ئازارپێگەیاندن، زمانی سانسکریت: dabh- بەواتای فریودان، ئازار پێگەیاندن، (حسن دوست، ١٣٩٥: ٢٠٣٤). زمانی ئێرانی کۆن: fra-daf-a- * لە پێشگری fra-و ڕیشەی dab پێکهاتووە، بەواتای فریودەر (منصوری، ١٣٨٤: ١٥٦). زمانی ئاڤێستا: dab- بەواتای فریودان (Jackson, 2014: 162). زمانی پەهلەوی ئەشکانی: dab بەواتای فریو، dabgar بەواتای فریودەر (رضائی باغ بیدی، ١٣٨٥: ١٨٢). زمانی پەهلەوی ساسانی: frēftan بەواتای فریودان، ڕەگی ڕانەبوردوو: frēv-، ڕەگی ڕابوردوو: frēft (Nyberg, 1974: 79). زمانی فارسی نوێ: فریفتن، فریب دادن، بەواتای فریودان، فێڵ لێکردن. زمانی کوردیی: فریودان، بەواتای هەڵخەڵەتاندن، فێڵ لێکردن، دەسخەڕۆکردن. لەم وشەدا دەبینین [dh]ی هیندۆئەورووپی گۆڕاوە بۆدەنگی [d]، هەروەها دەنگی [e]ی هیندۆئەورووپی گۆڕاوە بۆ [a]، هەروەها [bh]ی کۆتایی گۆڕاوە بۆ دەنگی [b]یان [f]، پاشان لە زمانە ئێرانییەکاندا لەگەڵ پێشگری (fra-) بەجۆرێک ئاوێتە بوون، ناتوانرێت جیابکرێنەوە، لە زمانەکانی قۆناغە جیاوازەکاندا گۆڕانەکانیان جیاوازن، دەبینین لە قۆناغی ناوەڕاستدا، لە زمانی پەهلەوی ساسانیدا وەک خۆی هاتۆتە ناو زمانی فارسی، بەڵام لە زمانی کوردیدا، بێجگە لە وشەی (فریو)، وشەی (داو)مان هەیە، کە یەگ ڕەگ و ڕیشەیان هەیە، بەڵام وشەی (فریو)لەگەڵ پێشگردا تێکەڵبوون، وشەی (داو) بەبێ پێشگر دروستبووە.

6. **گرێدان:** ئەم چاوگە لە دوو بەش پێکهاتووە (گرێ+دان)، لێرەدا ئیتیمۆلۆژی بەشی یەکەمی چاوگەکە (گرێ) دەخەینە ڕوو. ڕەگ و ڕیشەی وشەی (گرێ) لە زمانی سانسکریت: gratha بەواتای گرێدان (هرن و هوبشمان، ١٣٩٤: ٣٥٣). زمانی ئێرانی کۆن: graθya-* لە ڕیشەی gra(n)θ-بەواتای گرێدان، بەستن(حسن دوست، ١٣٩٥: ٢٣٨٨). زمانی فارسی کۆن: ڕیشەی graθ- بەواتای پێکەوە بەستن، بەیەکترگەیاندن (مولایی، ١٣٨٧: ١٦٩). زمانی پەهلەوی ئەشکانی: grih بەواتای گرێ (رضائی باغ بیدی، ١٣٨٥: ١٨٥).زمانی پەهلەوی ساسانی: grih بەواتای گرێ(مکنزی، ١٣٩٥: ٨٠). زمانی فارسی نوێ: گره زدن، گرەکردن، گرەبستن، بەواتای گرێدان، توند لێک بەستن. زمانی کوردیی: گرێدان، بەواتای بەستن، پتەوکردن، توندکردن، توند لێک بەستن. گرنگترین گۆڕانەکانی ڕیشەی چاوگەکە، ئەمانەن: هەندێ جار دەنگی [a]ی

ئێرانی کۆن لە ناوەڕاستی وشەدا گۆڕاوە بۆ دەنگی [i]، هەروەها دەنگی [θ]ی ئێرانی کۆن گۆڕاوە بۆدەنگی [h].

**ئەنجامەکان:**

1. لە ڕێگەی ئیتیمۆلۆژییەوە دەتوانین تێبگەین، ئەو وشە لە چی قۆناغێکدا پەیدابووە؟ کەی گۆڕانی بەسەرداهاتووە؟ هۆکاری ئەو گۆڕانە چییە؟ کەی مردووە؟ هەروەها چ وشەیەک شوێنی گرتووەتەوە؟
2. دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی ڕەگوڕیشەی چاوگ و وشە کوردییەکان، بەستراوەتەوە بە زمانە کۆنە هیندۆئەورووپییەکانەوە بە گشتی، بەتایبەتی زمانە ئێرانییەکان، بەوەی ئایا ئەو وشانە لە دەقە ئاینی و سیاسی و ئەدەبییەکانەوە بەجێماوە، یاخود نا؟
3. لە زۆربەی چاوگ و وشەکاندا دەبینین بە درێژایی مێژوو چەندین گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، وەک گۆڕانی دەنگیی و گۆڕانی واتایی (فراوانبوونی واتا، تەسکبوونەوەی واتا)، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت واتای بنەڕەتیی وشەکە لە قۆناغە جیاوازەکاندا بەدیبکرێت.
4. زۆرجار هیچ گۆڕانێک لە نێوان زمانی پەهلەویی ساسانی (قۆناغی ناوەڕاست)، بۆ زمانی فارسیی نوێ (قۆناغی نوێ)، ڕوویندادوە، چونکە بە پێی ڕای زۆرینەی زمانەوانان و ڕۆژهەڵاتناسان، زمانی فارسیی نەوەی زمانی پەهلەویی ساسانییە، کە ئەمیش لێکەوتەی فارسیی کۆنە، بەڵام گۆڕانەکانی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی فارسی جیاوازن، هەندێک جاریش وەک یەکن، ئەمەش دەریدەخات تا ئێستا لە ڕێی ئیتیمۆلۆژییەوە نەتوانراوە، قۆناغی ناوەڕاست و کۆنی زمانی کوردی دیاریبکرێت.

## لیستی سەرچاوەکان
## بە زمانی کوردیی


- ئانتونی ئارلاتو (٢٠١٣)، بەراییەک بۆ زمانناسی مێژوویی، و: مەهدی سەنەندجی، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- ئەورەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٠)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی پێنجەم: کردار، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
- دارا حمید محمد (2013)، هەندێ لایەن لە تیۆرییەکانی زمان، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
- ڕەشید کرمانج (٢٠٠٧)، ڕیشەناسی، وەرزنامەی زانستی- لێکۆڵینەوە "کۆڕی زانستی زمانی کوردی – ئێران"، ساڵی یەکەم، ژمارە (٣).
- ڕەفیق شوانی (٢٠٠١)، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- ڕەفیق شوانی (٢٠٠٨)، ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- ڕەفیق شوانی (٢٠١١)، وشەسازی زمانی کوردی، هەولێر.
- شاسوار هەرشەمی (٢٠٠٩)، هەندێک زانیاری گشتی لەبارەی زمانەوە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
- شێخ محەمەدی خاڵ (٢٠٠٥)، فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

- صدیق صفی زاده (بورەکەیی) (١٣٨٠)، فرهنگی بورەکەیی کردی – فارسی، چاپخانەی ماهرنگ فجر، تهران.
- عەبدوڵلا ئیبراهیم زادە (٢٠١٤)، فەرهەنگی ڕامان، ئاڵمان.
- عەبدوڵلا ئیبراهیمی (٢٠١٢)، فەرهەنگی فارسی– کوردی کاوە، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- فاروق عومەر سدیق (٢٠١٥)، ڕەچەڵەکی وشە و پەلهاویشتنی، چاپخانەی نارین، هەولێر.
- فاروق عومەر سدیق (٢٠١٦)، لەدایکبوونی وشە، چاپی دووەم، چاپخانەی تاران– پەنجەرە.
- ک. ک. کوردۆییێف (١٩٨٤)، ڕێزمانی کوردی، و: کوردستان موکریانی، هەولێر.
- کوردستان موکریانی (٢٠٠٨)، سەردەمانی زمانی کوردی و کۆمەڵە زمانانی ئێرانی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- کۆڕی زانیاری کورد (١٣٩٦)، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، انتشارات کردستان، سنە.
- نووری عەلی ئەمین (٢٠١٣)، ڕێزمانی کوردی، چاپی سێهەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
- نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو (٢٠١٥)، ڕێزمانی کوردی، چاپی حەوتەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو (٢٠١٦)، زمانەوانی کارەکی، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- نەسرین فەخری و کوردستان موکریانی (١٩٨٢)، ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- هەژار (١٣٩٦)، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، سروش، تهران.
- وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٩)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی ، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

**بەزمانی فارسی:**

- احمد رضا قائم مقامی (١٣٩٤)، ریشەناسی و زبان فارسی (مقدمات) فرهنگ نویسی ویژە نامە فرهنگستان، جلد نهم، شمارە پیاپی:٩
- آنتونی آرلاتو(1373)، درآمدی بر زبانشناسی تاریخی، ترجمە: یحیی مدرسی، چاپ دوم، پژوهشگاە علوم انسانی و مطالعات فرهنگی،تهران.
- باخان عبدالرحمن (١٣٩٥)، بررسی توصیفی– تطبیقی ساخت فعل در زبانهای کردی سورانی و پهلوی ساسانی، پایاننامە، دانشگاە تهران.
- بلومفیلد (١٣٧٩)، زبان، ترجمە علی محمد حق شناس، مرکز نشر دانشگاهی، تهران.
- بهرام فرەوشی (١٣٩٠)، فرهنگ زبان پهلوی، چاپ ششم، مؤسسە انتشارات دانشگاە تهران.
- پاول هرن و هاینریش هوبشمان (١٣٩٤)، فرهنگ ریشەشناسی فارسی، ترجمە: جلال خالقی مطلق، مهر افروز، اصفهان.

- پرویز ناتل خانلری (1395)، تاریخ زبان فارسی، چاپ دهم، فرهنگ نشر نو، تهران.
- جنگیز مولایی (١٣٨٧)، راهنمای زبان فارسی باستان (دستور زبان، گزیده متون، واژه‌نامه)، چاپ دوم، مهرنامگ، تهران.
- حسن احمدی گیوی و حسن انوری (١٣٩٤)، دستور زبان فارسی، چاپ چهارم، انتشارات فاطمی، تهران.
- حسن رضائی باغ بیدی (١٣٨٥)، راهنمای زبان پارتی (پهلوی اشکانی)، چاپ دوم، ققنوس، تهران.
- حسن رضائی باغ بیدی (١٣٩١)، مقدمات زبان سانسکریت، مرکز دائرة المعارف بزرگ اسلام، تهران.
- حسن رضائی باغ بیدی(1388)، تاریخ زبانهای ایرانی، چاپ دوم، مرکز دائرة المعار ف بزرگ اسلامی(مرکز پژوهشهای ایرانی و اسلامی)، تهران.
- دیویدنیل مکنزی (1390)، فرهنگ کوچک زبان پهلوی، ترجمه: مهشید میرفخرایی ، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، تهران.
- رحمان بختیاری (١٣٩٠)، ریشه‌ناسی عامیانه جای نام های ایرانی (جعل تاریخ و هویت)، دو فصلنامه علمی- پژوهشی زبان پژوهی دانشگاه زهرا، سال سوم، شماره (٥).
- رولاند.گ. کنت، (1391)، فارسی باستان(دستور زبان، متون، واژه نامه)، ترجمه: سعید عریان، انتشارات علمی، تهران.
- ژاله آموزگارو احمد تفضلی ( 1392)، زبان پهلوی و ادبیات و دستور آن، چاپ هشتم، انتشارات معین، تهران.
- شهناز بیگی بروجنی (1387)، اتیمولوژی نام واژه‌های جغرافیایی ایران در سفرنامه‌ها و منابع تاریخی، چهارمین کنفرانس یکسان سازی نامهای جغرافیایی.
- فرخ حاجیانی (١٣٨٦)، بررسی ریشه‌شناختی منتخبی از واژگان گویش بوشهری، مجله علوم اجتماعی و انسانی دانشگاه شیراز، شماره چهارم.
- محسن ابوالقاسمی (١٣٧٣)، ماده‌های فعلهای فارسی دری، تهران.
- محسن ابوالقاسمی (١٣٩٣)، ریشه‌ناسی (اتیمولوژی)، چاپ پنجم، انتشارات ققنوس، تهران.
- محسن ابوالقاسمی(1396)، تاریخ زبان فارسی، چاپپانزدهم، سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی، دانشگاههای (سمت)، پژوهشکده تحقیق و توسعه علوم انسانی، تهران.
- محمد حسن دوست (١٣٩٥)، فرهنگ ریشه شناختی زبان فارسی، جلد، ١، ٢، ٣، ٤، ٥، نشر آثار، تهران.
- مری بویس (١٣٨٦)، فهرست واژگان ادبیات مانوی در متن های پارسی میانه و پارتی، بندهش، تهران.

- Roland G.kent (1953), old Persian (Grammer- Text- Lexicon), New Haven.

- مهدی فدائی مهربانی (۱۳۸۷)، نقدی بر جایگاه اتیمولوژی در روش شناسی احمد فرید، دو فصلنامه علمی-پژوهشی "پژوهش زبان و ادبیات فارسی"، شماره دهم.
- یدالله منصوری (1384)، بررسی ریشه شناختی فعلهای زبان پهلوی، اثار، تهران.
- ماجد مردوخ روحانی (۱۳۹۰)، فرهنگ دانشگاه کردستان، دانشگاه کردستان، سنندج.


**به زمانی بیانی:**


- A.v.w. Jackson ( 2014), Avesta Grammar and reader,asatir, Tehran.
- B.Gharib (1995), Sogdian Dictionary(sogdian-persian-English), Tehran.
- Barbara Ann kipfer (1984), work book on lexieography, university of Exeter.
- Christian Bartholomae (1961), Altiranisches Wörterbuch, Berlin.
- H. Baily (1979), Dictionary of khotan saka, Cambridge.
- Henrik Samuel Nyberg (1974), A Manual of Pahlavi, Wiesbaden.
- J. pokorny (1959), Indogermanisches Etymologisches, wörterbuch, Bern-stuttgurt.
- M. Mayrhofer (1980), kurzgefasstes etymologisches- wörterbuch des Altindischen, Heidelberg.
- Mary Boys (1977), Acta Iranica A word list of Manichchaean Middle Persian and Parthian, 9a , Leiden.